# نامۆبوون و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی
# بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥)
## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی

بەختیار ئیبراهیم فەتاح
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

## پێشەکی

نامۆبوون بنچینەو ڕیشەیەکی دێرینی هەیە، چ لەڕووی ئەفسانەیی و خەیاڵاوی و ئاینییەوە، کەم تا زۆر هاوبەشە لە گشت بوارەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، بە تایبەتی لە (فەلسەفە – دەرونزانی- کۆمەڵناسی).

دیاردەی نامۆبوون لە ئێستادا بە شێوەیەکی بەربلاو تەشەنەی کردووە بۆ هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکان. لەوانەیە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بگەڕێتەوە بۆ جەنجاڵی جیهان بەهۆی ئەو پێشکەوتنە ماتریاڵییە گەورەیەی کە جیهانی سەرقاڵ کردووە بەخۆیەوە.

ئایا ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە یان حاڵەتێکی هزرییە یا پێگەیەکی بوونگەراییە؟ پێدەچێت ئەم پرسە پێدراوە کۆك بن لەسەر ئەوەی نامۆبوون حاڵەتێکی مێژوویی دێرینی نەپچراو بێت لە ململانێی بوونەوە.

لێرەدا نامۆبوون چەند ڕەهەندێك بەخۆوە دەگرێت، یەکەم ڕەهەندی هەستی، دووەم ڕەهەندی بەهایی، سێیەم ڕەهەندی میتافیزیکی.

نامۆبوون وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژوویی بونی هەیە لە کۆمەڵگای مرۆییدا بەشێوەو قۆناغ و چین و توێژی جیاوازدا، بۆیە بیروبۆچونی جیاواز هەڵدەگرێت. چەند لەبەردەم مەرگدا دەستەوەستاو و نامۆین، ئەوەندەش لە گەردوندا،لەوانەیە مەرگ سەرکەوتنێکی زۆرەملێی جۆر بێت بەسەر تاکێکی تایبەتدا و دژایەتی یەکگرتویی جۆر بکات. نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤدا و لە بوونی جۆری خۆی و لە مرۆڤێکی ترو لە گەردوندا، ئەگەر مرۆڤ سەربەست نە بێت لە چالاکی ژیان و کاردا ئەوا دەچێتە ژێر دەسەڵات و چەوسانەوەی مرۆڤی تر.

بۆیە هایدیگەر دەڵێت(کەوتنەخوارەوە بۆ ناو بوون لە جیهاندا بە تەنها هەڵخەڵەتاندن و ئارام بەخش نییە ، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا نامۆکەرە)[1]. لە سەدەی بیستەم بەدواوە، بە شێوەیەکی خێرا گۆڕانکارییەکی بێشومار ڕویداوە لە جیهاندا لە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکاری گۆڕانکارییەکی خێرا لە ڕووی ماتریالی و واتاییەوە، کە پابەندە لە دروست بوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا.

لێرەدا توێژی گەنجان بە گشتی و خوێندکارانی زانکۆ بەتایبەتی، ڕۆڵو کاریگەری دیارو بەر چاویان هەیە لە و گۆڕانکاریانەی کە لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن، چونکە ئەم توێژە هەستیارو وشیار ترە بە بەراورد لەگەڵ

---

[1] جاکۆب گراهام، هایدیگەرو مارکس و چەمکی نامۆبوون، و: ئاسۆ خالید، گۆڤاری هەنگاو، ژمارە٦، زستانی ٢٠٠٣،ل١٣٧.

توێژەکانی تری کۆمەڵگە، وە ئامادەباشیان هەیە لە هەر گۆڕانکارییەك لە بیرو داهێنان و نوێخوازیدا. بۆیە دەکرێت لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەدا چ لایەنی ئەرێنی و چ لایەنی نەرێنی لە خۆ بگرێت.

**بەشی یەکەم:**

**باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە**

**کێشەی توێژینەوە :**

دوای ڕوودانی ئەو گۆڕانکاریە جیهانیەی کەڕوویدا بە تایبەتی لەسەدەی بیستەم لەکایە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ، بووەتە هۆی گۆڕانی هەست و نەستی تاك بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و جیهان و تەکنەلۆژیا .

هۆکاری ئەو گۆڕانکارییشە خۆی دەبینێتەوە چ لە دۆزینەوەی زانستی بەردەوام و پێویستیە بەردەوامییەکانی مرۆڤ چ لە ڕووی ماتریالی و واتایی ، یاخود ئەو جەنگە بەردەوامانەی جیهان کەبۆتە هۆی گۆڕانی ئەرێنی و نەرێنی و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی داناوە . لێرەدا زۆرێك لە کۆمەڵناسان ، دەروونناسان ، بیرمەندان بیرو بۆچونەکانی خۆیان لەمەڕ ئەم گۆڕانکاریانە تاوتوێ کردووە ، ئەو چینە تایبەتەش کەزیاتر لەبەرچاوەو کاریگەرترە لەچینەکانی تری کۆمەڵگا ، چینی گەنجانە کەدادەنرێت بەکۆڵەکەی بنیاتنانی کۆمەڵگەو ئامادەباشی تیادایە بۆ هەموو گۆڕانکاریەك . چونکە گەنجان ( نێر ومێ ) بەڕەمەك و سروشت هەوڵدەدەن کە گۆڕان دروست بکەن لەبەها کۆمەڵایەتی و یاسایی و ڕێسای کۆمەڵگای سونەتی ، جا کەم تازۆر ئەو گۆڕانکاریانە دەچەسپێنن یاخود شکست دەهێنن و کەنار دەکەون . کۆمەڵگای کوردیش بەدەر نییە لەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوودەدەن لەجیهاندا ، وەبەتایبەتی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و گۆڕینی دامودەزگای دەوڵەت . هەندێك لەگەنجانیش نا ڕازی و یاخیین لە قەیرانی کوردی و سەری خۆیان هەڵدەگرن و کۆچ دەکەن بۆ هەندەران ، چونکە واهەست دەکەن کە ئەم وولاتە جێگای ئاواتی ئەوانی تێدا نابێتەوە ، وەئەگەر بمێننەوە ئەوا توشی بەلارێلادان و چەندەها نەخۆشی دەرونی و جەستەیی دەبنەوە ، لەکۆتاییدا خۆیان دووچاری خۆکوشتن و مادده هۆشبەرەکان دەکەن .

کێشەی سەرەکی توێژەر بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەرێت، کە ئایا نامۆبوون بۆتە دیاردەیەکی گشتی لای گەنجان. ئایا چینی خوێندکارانی زانکۆ نامۆبوون لەلایان هەروەك حاڵەت وایە یان بووە بە دیاردەیەکی گشتی لە نێوان زۆربەی خوێندکاراندا.

بێگومان کێشەی سەرەکی بەلای توێژەرەوە نەبوونی سەرچاوەی پێویست بە تایبەتی سەرچاوەی کوردی کەتائێستا توێژینەوەیەکی تێروتەسەل نییە بەزمانی کوردی کەبەشێوەیەکی ئاکادیمی لەم دیاردەیەی کۆڵیبێتەوە .

**گرنگی توێژینەوە :**

**١- نامۆبوون دیاردەیەکی سایکۆکۆمەڵایەتیە مێژوویەکی دێرینی هەیە لەجیهاندا ، ئەم دیاردەیە جیاوازی هەیە لەقۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی کۆمەڵایەتی ، بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی مامەڵەی تاك و خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە .**

**٢- بۆ بەدیارخستنی برو ڕێژەی دیاردەی نامۆبوون لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، کەبەشێوەیەکی بەرچاو و بڵاودا تەشەنەی کردووە لەناو کۆمەڵگا بەگشتی و چینی ( خوێندکارانی زانکۆ ) بەتایبەتی.**

**٣- گرنگی و هەستیاری ئەم بابەتە و خستنە ڕووی لایەنە شاراوەکانی نامۆبوون بۆ تاکی کوردی کەتاچەند نامۆبوو خۆ بەمیوان زانینیەتی کەخاکی باو و باپیرانییدا.**

**٤- گرنگی نامۆبوون بۆ تاکی ونبووی ناوو کۆمەلگا هاوچەرخەکان کەتاچەند دووره پەرێزه لە خودی خۆی و هاوڵەکانی و پچڕانی سۆز و خۆشەویستی و هاوسەنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان .**

**٥- توێژەر شاهد حاڵە کەلەنزیکەوە چاودێری خوێندکارانی زانکۆ دەکات دەکات ، کەچۆن دیاردەی نامۆبوون لەڕەنگ و ڕوو سیماو هەڵسوکەوت و قسە و باس و بیرکردنەوەی خوێندکارانی بەدی دەکرێت.**

**٦- ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئاستی کۆلێژکان کراوە لە زانکۆی سلێمانی وا هەست دەکەم هەتا ئێستا وەك پێویست گرنگی پێنەدراوە.**

**گریمانەکانی توێژینەوە:**

**گریمانە: بریتیە لە گەڵاڵەبونی ئاوەزێکی سەرەتایی لەلای توێژەر، وە بەستنەوەی بە دیاردەی بابەتەکە لەگەڵ یەکێك لە هۆکارە پەیوەستەکانی دیاردەکە.**

**١- زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ رووبەروی جۆرێك لە نامۆبوون بونەتەوە.**
**٢- ژیانی نالەباری خوێندکاران هۆکارە بۆ نامۆبوون.**
**٣- قەیرانەکانی کۆمەلگای کوردی بۆتە هۆکار بۆ هەستکردنی خوێندکار بە نامۆبوون.**
**٤- جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان خوێندکارانی نێرو مێدا لە هەستکردن بە نامۆبوون.**
**٥- پەیوەندی راستەوخۆ هەیە لە نێوان نامۆبوون و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی.**
**٦- جیاوازی هەیە لە نێوان خوێندکارانی نێرو مێدا لە رووی هەستکردنیان بە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی.**

**ئامانجی توێژینەوە:**

**توێژەر هەوڵیداوە لە نزیکەوە ئاگاداری دیاردەی (نامۆبوون) دەربخات چ لە ئاستو برِ و ریژەی بلاوبوونەوەی لەناو خوێندکارانی زانکۆدا.**

**١- پێوانە کردن و هەست کردنی خوێنکارانی زانکۆی سلێمانی بەنامۆبوونی کۆمەڵایەتی و رەهەندەکانی.**
**٢- رێژەی پەیوەندی نێوان نامۆبونی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی .**
**٣- جیاوازی خوێنکاران لە هەست کردن بە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.**
**٤- ناساندنی نامۆبوون لای خوێنکارانی زانکۆ(نامۆبوونی تایبەت) و (نامۆبونی گشتی) لە کۆمەلگا بە گشتی.**

٥- گەیشتن بە ئامانجێکی زانستی مەیدانی بۆ دانانی هەندێك ڕاسپاردە و دەرەنجام کە ببێتە هۆکار بۆ لایەنی بەرپرسیار بۆ دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ (بەلای کەمەوە) نەمان و کەمکردنەوەی دیاردەی نامۆبوون.

**بوارەکانی توێژینەوە:**

١- بواری مرۆیی: توێژینەوەکە نموونەی خوێنکارانی زانکۆی سلێمانی کە تەنها( کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی و وەرزش) دەگرێتەوە.

٢- بواری شوێن: توێژینەوەکە لە شاری سلێمانی و زانکۆی سلێمانی، تەنها لەبەشەکانی (کۆمەڵایەتی، ماتماتیك، ئینگلیزی، کۆمپیوتەر)

٣- بواری کات ٢٠١٤-٢٠١٥

**باسی دووەم: چوارچێوەی تیۆری نامۆبوون**

**ئیدیۆمی توێژینەوە: (نامۆبوون) Alienation**

لەگەڵ بەربلاوی بیری نامۆبوون لە ژیانی ئێستادا، وەك کێشەیەکی لێڵ و نارۆشن و نادیار، ئەمەش بەهۆی زۆری نیشانەو تێگەیشتن لە مانا جۆربەجۆرەکانی. لەگەڵ زۆری حالەتە مرۆڤایەتیەکان لەدڵەراوکێ و دورە پەرێزی، بۆیە بیرمەندان هەستاون بە شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی نامۆبوون، ئەویش لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە.

١- بێ توانایی و خۆ بەدەستەوەدان: Powerlessness

لیرەدا تاك هەست دەکات کە ناتوانێت چارەنوسی پابەند بێت بە ویست و خواستەکانی، بەڵکو ملکەچی هۆکارە دەرەکییەکانە وەك: چارەنووس ، بەخت، ڕێکخراوی شوێنکەوتنی باوو.

٢- پوچی و ونبونی مانا: Meaning lessness

ئاماژەیە بە نەبونی تێگەیشتن و هەست پێکردنی هاوتا، وەك نەبوونی تێگەیشتنی کاروباری جیهان یا پەیوەندییە مرۆڤایەتیە تێهەڵکێشەکان.

٣- شیتەڵبوون لە بنەما سەرەکییە باوەکان : (بێ پێوەر) Normiessness (anomie)

مانای کەمی پابەند بوون بە بنەما کۆمەڵایەتیەکان کە ڕێکخەری هەڵسوکەوتن ، یەکێکە لە شێوەکانی ناوازەی گشتی، بێ متمانەیی ، کێبرکێی تاکی ڕێکنەخراو.

٤- دوورە پەرێزی رۆشنبیری: Cultural Estrangment

لێرەدا هەست کردن بە جیابونەوە لە بەها باوەکان لەکۆمەڵگادا، وەك شۆرشی رۆشنبیری خوێنکاران دژ بە ڕێکخراوە کۆنەکان.

٥- نامۆبونی کۆمەڵایەتی: Social Isolation

بەمانای هەستکردن بە تەنیایی و دورە پەرێزی و نەمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، وەك ناوەندە کەمینەکان.

٦- نامۆبوونی خود: Estrangment

لێرەدا فورسترین مانای نامۆبوون دیارە، لە هەمان کاتدا نوێنەری کێشەی ناوەکییە، ئاماژەیە بۆ تاك کە هیچ خاوەنی خۆی نییە.

**باسی سێیەم: نامۆبوون لای رۆژهەلاتیەکان:**

١- پێناسەی حافظ خيري احمد :

مانای هەستکردنی تاك بەململانێی نێوان خودی مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری ، بەشێوەیەك دەبێتە نەمانی هەستی وابەستی و بێزاری و دڵەڕاوکێ . وەهێنانی هەڵسوکەوتی نەرێنی یاهەستکردن بە وونکردنی مانـاو گوێ پێنەدانی ناوەندی خود و دووره پەرێزی کۆمەلأیەتی ، لەگەڵ هێنانی بەلأو نەهامەتیە کلینکیەکان[٢].

٢- پێناسەی عبدالمنعم الحفني :

نامۆبوون لە خود یا لەخودی ڕاستی دیاردەکان و توانای تاك لەوابەستبوونی بۆ ئەوانی تر ، ئەم نامۆبوونە لە خەڵکانی تر دیاریدەکرێت لەلایەن توانای تاکە لەسەر دۆزینەوەی خود ، بەمانای هەردووکیان تێهەڵکێشن بە پشت بەستن هەریەکەیان بەوانی ترەوە[٣].

٣- پێناسەی د. احسان محمد الحسن :

ئەو حاڵەتە دەرونی کۆمەلأیەتییە کە بەتەواوی بەسەرتا زاڵ دەبێت و دەیکاتە کەسێکی نامۆ و لەچەند لایەنێکی واقیعە کۆمەلأیەتیەکەی دووردەکەوێتە وە . هزری نامۆیی بەسەر مێژووی هزری کۆمەلأیەتیدا زاڵە[٤].

**نامۆ بوون لای د. معن خلیل العمر :**

مانای بڕین و دور خستنەوەی تاکە کان لە خودی خۆیان و لەوانی تر، ڕەگی ئەم چەمکە ئەگەرێتەوە بۆ مانای فەلسەفی و ئایینی[٥].

**پێناسەی احمد محمد موسی :** بەشێوەیەکی گشتی نامۆبوونی گەنجان بریتیە لە دوورکەوتنەوەی گەنجان و هەڵنەکردنیان لەگەڵ ئەو بارو ڕۆژگارە ناهەمواره داو هەستکردن بە تەنەیایی و یاخی بوون بەشێوەیەکی ئەرێنی[٥].

**باسی چوارەم: پێناسەی نامۆبوون لای رۆژئاواییەکان:**

**ئەریك فروم:**

نامۆبوون واتا پوکانەوەی هاوبەندییەتی لە نێوان تاك و ئەوانیدیدا، واتا بێتوانایی لە جێگرتنێك کە پێویستە مرۆ هەیبێت و هەستکردنی بە باشکۆیایەتی یان مانای ئینتیما بۆ کەسێك یان هەر شتێکی تر،بە جۆرێك مرۆڤ وەك رەهنکراوێك وایە، بەڵکو یەکێکی دیکە خاوەنیەتی، بەمەش هەستێکی ناوەکی دێتە ئاراوەو بە ونبونی ئازادی و نائومێدی و نیگەرانی و دابران لەو دەوروبەرەی تیایا دەژی[٦].

[١]حافظ خيرى احمد، سيكولوجية الاغتراب لدى طلاب الجامعة ، كلية الاداب ، جامعة عين شمس ، القاهرة . ١٩٨١

[٢]عبدالمنعم الحفني، موسوعة علم النفس والتحليل النفسى، ط ١، مكتبة مديولى، القاهرة، ١٩٨٧ .

[٤] د. احسان محمد الحسن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حسن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢،لا٥٦٠.

[٥] د. معنى خليل العمر، معجم علم الاجتماع، ط ١، دار الشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠، ص ١٠٩.

[٥] د.احمد محمد موسي، الشباب بين التهميش و التشحيص،ط١،المكتبة العصرية، مصر ٢٠٠٩، ص٧٢.

[٦]ئەریك فروم، پەیامێك لە ئایندەوە، و:بەهزاد حەوێزی، چاپ،یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری،٢٠٠٩،لا٨٢-٨٢.

**مۆرتۆن گرۆدزن:**

لێرەدا تاکەکانی کۆمەڵگە وا هەست دەکەن کە نامۆ بوون، کە هیچ پەیوەندییەکییان بە کۆمەڵگاوە نییە، پەیوەندییەکانیشیان بزۆز و جێگەی متمانەو باوەڕ نیە[٧].

**فروید: نامۆبوون**

نامۆبوون بەلای فرۆیدەوە کاریگەری دەرهاویشتەی ژیارییە، کە پێچەوانە و بەربەستە لە بەدیهێنانی ئامانج و ئارەزوی تاکەکان، واتە ململانێ لە نێوان خودو ڕێکارە ژیاری و مەدەنییەکانە، کە دەبێتە دروست بوونی دڵەراوکێ و بەرتەسکی و پەنابردنی تاك بۆ چەپاندن. نامۆبوون بەلای فرۆیدەوە بریتییەلەژیاری دروست بووە لەسەر ئەرکی پرەنسیپی خۆشی و هیچی بۆ مرۆڤ پێشکەش نەکردووە تەنها نامۆبوون نەبێت[٨].

هۆرنی: نامۆبوون لە خود بریتییە لە گوزارشت لە بارێکی تێکەڵە لە هەستی تاك، تێکەڵکردنی ئەوەی خۆشی دەوێت و ئەوەی خۆشی ناوێت، ئەوەی بڕوای پێدەکات و ئەوەی نکوڵی لێدەکات بەجۆرێك تاك بێئاگایە لە خودی ڕاستی[٩].

**پێناسەی توێژەر بۆ نامۆبوون:**

نامۆبوون مانای جودایی و تەنیابوون و گۆشەگیری تاك دەگەیەنێت کە هەست نەکردنە بە خود و جیهان بە شێوەیەکی کاری چالاك.

**بەشی دووەم:**

**باسی یەکەم: پێناسەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی(التوافق الاجتماعي) (Accommodation)**

چەمکی هاوسەنگی لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ زانستی (بایولوژی) وەکو یەکەیەکی دیاری تیۆری پەرەسەندن لە لای زانا (تشارلز داروین) سالی ١٨٥٩ز، جەختی دەکردەوە لە ململانێی مانەوەو مانەوە بۆ شایستە تر. دوای ئەوەی ئەم چەمکە سەری کێشا بۆ زانستەکانی تر، وەك دەرونزانی و کۆمەڵزانی، چەمکی هاوسەنگی نزیکایەتی هەیە لەگەڵ هەریەك لەم چەمکانە خۆگونجاندن Adaptation و هاوسونگەBalance و پابەندبوون Integration.

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین کە هاوسەنگی بریتییە لە، توانای بونیادنانی پەیوەندی سەرکەوتوو کاریگەر لە نێوان تاك و ژینگەکەیدا. واتا ئەو توانا و پرۆسە دینامیکی و زیندووەیە کە بەردەوام یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ خۆگۆڕین و خۆسازان لەتەك ئەو ژینگە بەرفراوانەی کە تیایدا دەژی، ئیتر ژینگەکە سروشتی بێت یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان دەرونی....هتد[١٠].

دیارە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی کردارێکی دینامیکیە بەردەوامە بە ئامانجی گۆڕینی هەڵسوکەوتە بۆ رودانی پەیوەندی هاوسەنگ لە ژینگەی دەوروبەر، وە ژینگە سێ لایەنی هەیە کە ئەمانەن:

---

[٧] د.حسن يوسف، الانسان ومشكلاته المعاصرة، ط١، الاجيال الخدمات التسويق و النشر، القاهرة، ٢٠٠٨،ص٢٥.

[٨] محمد عاطف رشاد زعتر، بعض سمات الشخصية وعلاقتها بالاغتراب النفسي لدي الشباب الجامعي، رسالة دكتورا، كلية الاداب جامعة الزقازيق، ١٩٨٩، ص٢٠.

[٩] فيصل عباس، الشخصية في ضوء التحليل النفسي، ط، دار المسيرة، بيروت،١٩٨٢،ص١٦٥.

[١٠] د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گەشە(مندال و هەرزەکار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند-سلیمانی،٢٠٠٩،لا٥٤٣.

١- ژینگەی سروشتی کە دەوروبەری تاکی داوە.

٢- ژینگەی کۆمەڵایەتی کە تاك تیایدا دەژی.

٣-خود کە خۆی دەبینێتەوە لە ئارەزوو پێویستی[١١].

**هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لای زیادی:**

توانای تاکە لە بەستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی تر، بەردار(بەبرشت) خۆشبەختی، هاوبەندی توانای تاکە لە خۆشەویستی و بەخشندەیی، لەلایەك، و لەلایەکی ترەوە توانای کارکردنی کارا ئەبێتە هۆی ئەوەی تاك کەسێکی بەسودبێت لە بۆ دەوروبەرەکەی [١٢].

**هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لای ابوالنیل و محمود:**

هاوسەنگی خۆی دەبینێتەوە لە توانای تاك لە بەستنی پەیوەندی ڕێڕەوی شیاو و لەبار بۆ ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەی کە پابەندە پێوەی، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ڕێز و ستایش لە بەرامبەر بیرو بۆچونەکانیدا[١٣].

**هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لای راجح:**

هاوسەنگی بریتیە لە هەستانی تاك بە تێر کردنی پێویستییەکان و پاڵنەرەکان بە ڕێگەیەکی قایلکەرو نەرم و بەشێوەیەك یارمەتی تاك بدات لە گۆڕینی هەڵسوکەوتی بۆ روبەروبونەوەی داواکارییە مەتریاڵی وکۆمەڵایەتی و ژینگەی جیاواز بە ئامانجی گەیشتن بە حاڵەتی گونجاندن لە نێوان تاك و ژینگەکەی[١٤].

**هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لای حنفي:**

بریتیە لە توانای تاك لە تێگەیشتن و تێر کردنی داواکارییە تاکییەکان و روبەروبونەوەی دەوروبەر لەو دۆخەدا. و دروستکردنی جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان داواکارییەکان و ژینگەکەی تێیدا دەژی[١٥].

**پێناسەی ڕێکاری هاوسەنگی کۆمەڵایەتی:**

هاوسەنگی تاك پابەندە بە چەندیەتی و چۆنیەتی تێرکردنی ئارەزوە هەنوکەییەکانیەوە لەگەل خۆگونجاندنی تاك بە ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانییەوە.

---

[١١] فهمي مصطفى، التكيف النفسي، مكتبة مصر، الفجالة، قاهرة،١٩٧٨.

[١٢] محمود سامي الزيادي، علم النفس الاكلينيكي-التشخيص، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦٩،ص٢٠٣.

[١٣] محمود ابو النيل و مجدة احمد محمود، الصحة النفسية- الامراض والمشكلات النفسية و الاجتماعية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٥،ص١٩.

[١٤] احمد عزت راجح، اصول علم النفس ، ط٩، المكتب المصري الحديث للطباعة و النشر، القاهرة، ١٩٧٣،ص٤٧٠.

[١٥] عبد المنعم الحنفي، موسوعة الطب النفسي،ط١،مجلد١، مكتبة مدبولي، القاهرة،١٩٩٢،ص٤٢٥.

**باسی دووەم: نامۆ بوون لە ڕووی كۆمەڵناسیەوە:**

نامۆبوون ووشەیەكی دێرینی كوردیە ، ڕەهەندو بنچینەیەكی مێژووی كۆنی هەیە، چ لەكایە ئەپستمۆژلۆجیەكان، فەلسەفیەكان ، سیاسیەكان ، ویژەی و هونەری.

نامۆبوون حاڵەتێكە مرۆڤ هەست بە نامۆیی خۆی دەكات ، خاوەنی هەڵسوكەوتی خۆی نیە ، كەسی نامۆبوو پەیوەندیەكانی سنور دارو دیاری كراوە ، هەستی مرۆڤایەتی لاواز دەبێت ، كەسێكە خاوەنی خودی خۆی و ئازاد نەبێت، ژیانیشی هیچ مانایەكی نییە، مرۆڤی نامۆ بێگانیە هەتا بە خودی خۆیشی و دەوروبەری. هۆكارەكانی بڵاوبوونەوەی نامۆبوون لە جیهاندا زۆرن ، دیارترینیان بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی كۆمەڵگای سەرمایەداری ، هەروەرها بەرپابوونی جەنگی جیهانی و بەربلاَوی و تەشەنەكردی تەكنەلۆجیای سەردەم و بەجیهانیكردنی وولاَتەكان و كزی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان. زۆر لەبیرمەندان و ڕۆشنبیران وایبۆدەچن كەچەمكی (نامۆبوون ) مانای جیاواز و بەكارهێنانی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە لەكایە كۆمەڵایەتییەكاندا، بۆیە مانای جیاواز هەڵدەگرێت، بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی بیرو بۆچوونی ژیانی كۆمەڵایەتی و تێپەڕبوونی قۆناغەكانی كۆمەڵگاوە بەدرێژایی مێژوو. لەبەر بەرفراوانی بەكارهێنانی ئەم چەمكە بیروبۆچوونی جیاواز و ناتەبا لەدوو تویی دا كۆدەبێتەوە، جۆرە ناڕۆشنیەك دروست دەبێت لەمانای تەواوی نامۆبوون، هەرچەندە هەندێك لەبیریاران بە حاڵەتێكی سروشتی دادەنێن.

چەمكی نامۆبوون بەزمانە نا ئایینیەكەی هاواتای ( گوناە - Sin) دێت، واتا وازهێنانی مرۆڤە لە خۆی و دەستبەردار بوونیەتی لە خوا لەناخی خۆیدا[١٦].

یەكێكی تر لەسەرچاوەكانی بەخترەشی لەڕوانگەی كۆمەڵناسیەوە، نامۆبوونە. زاراوەی نامۆبوون چەمكێكە كۆمەڵناسان بۆ وەسفكردنی ١- جیابونەوە لەخەڵكی ( تەنها بوون ، گۆشەگیری ) ٢- جیابونەوەی لەكاری مانادار ٣- جیابونەوە لەخۆمان وەكو بونەوەری چالاك بەكاری دەبەن[١٧].

نامۆبوون یاخود ( دامالین – Estrangement ) لای ماركس ، بەومانایە دێت كە مرۆڤ لە پرۆسەی پەیبردن بە جیهان ، خۆی وەك هێزێكی چالاك نابینێتەوە ، بەڵكو خودی جیهان خۆی و ( سروشت ، خەڵكانی دی و مرۆڤ بۆ خۆشی ) هێشتا نامۆكەری مرۆڤن ئەو شتانەی مرۆڤ خۆی دروستیكردون بەسەر سەریەوەن و لە دژین[١٨]. بەدەستە واژەیەكی ماركسیستی نامۆبوون ئەوەیە كەكرێكار نامۆبووە لە ( بەرهەمە كارەكەی خۆی ). لەبەرئەوەی كریكار كاردەكات تاكو شتێك بۆ كەسێك یاخود شتێك زیاتر لەخۆی بەرهەم بهێنێت ، ئیتر لێرەوە بەرهەمەكە بەكرێكارەكە نامۆ دەبێت[١٩]، ماركس گرنكیەكی زۆر دەدات بەكارو دابەشبوونیدا ، چونكە كار چوست و چالاكی مرۆڤ نیشان دەدات لەپێناوی ئەفراندنی جیهانێكی نوێ دوور لە چینایەتی هەر لە دوو تویی ئەم بوارەی كارەی مرۆڤیشدا دیاردەی نامۆبوون چەكەرە و نەشونەما دەكات ، دوور لە خاوەنداریەتی بەرهەمی كارو خود كاركەر.

---

[١٦] ئەریك فرۆم ، چەمكی مرۆڤ لای ماركس ، و: ئارام جەمال سابیر، چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا،چ١،سلێمانی٢٠٠٨ ، لا ٩٧.

[١٧] جۆیلێ شارۆن ، دەپرسیاری كۆمەڵناسی ، و: هێمن شەریف، چاپی یەكەم ، چاپخانەی چوارچرا ، ٢٠١٠، لا ٣٣٢.

[١٨] ئەریك فرۆم، چەمكی مرۆڤ لای ماركس،هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٩٤.

[١٩] جاكۆب گراهام، هایدگەروماركس و چەمكی نامۆبوون، هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا ٦.

مـارکس بەرلەهـەموو شـتێك کۆمـەڵناس و ئـابوریزانی سـەرمایەداریە ، مـرۆڤ لەبنەڕەتـدا بوونەوەرێکـە کاردەکات، وەئەگەر لەهەلومەرجی نامۆیدا کاربکات لەمرۆڤایەتی بەدووره و لەخود نـامۆ دەبێـت . لـەتێڕوانینی مارکس مرۆڤ لەسیستمی سەرمایەداریدا لەخود نامۆیە و ڕەگی هەموو لەخود نامۆبوونەکان، لە خود نـامۆبوونی ئابوورییە، بەڵام لەخود نامۆبونی ئابووری بەچی مانایەك:

١- یەکەمین شێوەی لەخود نامۆبوون پەیوەنداره بە خاوەندارێتی تایبەتەوە.

٢- شێوەی بەرهەمی لەخود نامۆبوون دەگەڕێتەوە بۆ بازاڕ

٣- .ڕەخنەی مارکس لەئابووری سەرمایەداری لەهەمان کاتـدا ڕەخنەیـەکی ئاکاری فەلسـەفیە لەهەلومـەرجێکی داسەپاو بەسەرمرۆڤدا لەلایەن سەرماریەداریەوە[٢٠].

هەرکات مارکس باس لە ( نامۆبوون ) دەکات، مەبەستی دۆخێکی کۆنکرێتیە کەلەوێدا لەنێوان مرۆڤ و سروشـتی مرۆییـدا ململانـێ ڕوودەدات، مرۆڤـی لـە خـۆ نـامۆ ، کەسـێکە بەشـێك لـەهێما زاتییـەکانی واتـا تایبەتمەندیـە مرۆییەکانی لێ زەوت کراوە[٢١].

**نامۆیی شێوەی جۆراو جۆری هەیە:**

١- نامۆیی ئایینی:

لەم جۆره نامۆبوونەدا مرۆڤ بۆ کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوەی ئابووری دادەنەوێنێت، مرۆڤی بەکۆلۆنی کـراو هیچ شۆڕشێك بەرپا ناکات، چونکە دڵی لای دنیایەکی تره. وەدەستخەڕۆ کراوە بەبەڵێن و خەیاڵ پلاوی.

٢- نامۆیی سیاسی:

نامۆیی سیاسی بەشێوەی جۆراو جۆر لەڕێگای پڕوپاگەندەو و ئایدیۆژیای جۆراو جۆر و بەتایبەتی سیستەمی سەرمایەداری نامۆیی سیاسی بەردەوامە . بەتایبەتی تەکنۆلۆژیا لەژێر چەپۆکی سیستمە سیاسیە دیکتاتۆرەکاندا بەشێوەیەکی سادەو ئاسایی ئەم نامۆییە بەسەر کۆمەڵگادا دادەسەپێنن

٣- نامۆیی فەلسەفی:

مەبەسـت لـەنامۆیی فەلسـەفی، پەرەپێـدان و دامەزرانـدنی ئایـدۆلۆژیای و ڕێبازەکـانی بیرکردنەوەیـە کـەبۆ بەلگانـدنی تیۆرییەکـە لـە شـێوەکانی بەرهـەمهێنانی زاڵ، هـەروەها بەلگانـدنی بنـەما ئابوریـیـە زاڵـەکان بەسـەر کۆمەڵگاو کۆمەلانی خەڵکی.

٤- نامۆ بوونی ئابووری:

ئەم شێوەیە لەنامۆبوون بنەمایەکە بۆ شێوەکانی تر لـەنامۆیی و لەهـەموویان خـراپترە، لەبەرئـەوەی دەبێتـە هۆی نامۆبوونی مرۆڤ لەئیش و کارەکانی خۆ، بەرهەمی کاری کرێکارە بۆخۆی نابێت.

لەڕوانگەی (مارکس)ەوە نامۆبوون تەنیا بەمانای هەستکردن بە فەرامۆش یان دوژمنی کردن لەگەڵ کارنییـە، بەڵکو بەچوار چێوەیەکی گشتی بەرهەمهێنانی پیشەسازی لەژینگەیەکی سەرمایەدارانەش دەگوترێت، نـامۆبوون نـەبوونی کـۆنترۆڵی مـاددی کرێکـاران لەسـەر ژینگـەکانی کارکردنیـان دەردەبڕێـت، لـێ زۆربـەی ڕاڤەکردنـە

[٢٠] حسێن سۆران، کارل مارکس و ئەفلاتۆن لەتۆتا لیتاریزمی فیکرەوە بۆ تیرۆر کردنی بەهای ئازادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ، ٢٠٠٨،لا ١١٦-١١٧

[٢١] خۆزە گالیندۆ. هێکتۆر زاگاڵ ، فەلسەفەی ئەخلاق ، و : سەعید کاکی، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری - هەولێر، ٢٠١٣،لا١٨٢-١٨٣.

کۆمەڵناسیە نوێیەکانی تر سەبارەت بەنامۆبوون سەرنج و بایەخێکی زۆرتری خۆیان لەسەر هەست و تێڕوانینەکانی کرێکارانەوە چڕکردۆتەوە نەك لەسەر ماهیەتی ڕوون و ئاشکرای دۆخی کارەکە[٢٢].

بەبڕوای ڕۆسۆ لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ جۆرە فریودانێکی دەستکردی کۆمەڵایەتییە، ئەم کارەساتی لەخۆ نامۆبوونە سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ دابڕانی مرۆڤ لەداکەوتنی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەو بەلاڕێداچوون و لەت لەت بوونی ئەو متمانەکردن و نزم بوونی ئاستی مۆڕاڵی مرۆڤەکان و بەگشتی لەخۆنامۆبوون کارەساتی دەستکردی سەردەمی نوێیە[٢٣].

ڕۆسۆ دەڵێت : سروشت مرۆڤی بەچاك خوڵقاندووە کەچی کۆمەڵگا خراپی بار هێناوە. سروشت مرۆڤی سەربەست خوڵقاندووە بەڵام کۆمەڵگا کۆیلەی لێ دروست کردووە . سروشت مرۆڤی بەختەوەر خوڵقاندووە کەچی کۆمەڵگا ئەوی چارەڕەش کردووە[٢٤].

بەڕای ڕۆسۆ بەهۆی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە مرۆڤ نامۆ بووە لەسروشتی ڕەسەنی خۆی و بۆتە بۆر جواز و شارنشینێکی دەستەمۆرکراو[٢٥].

ڕۆسۆ لەکتێبی ( ئێمل ) دا دەڵێت هەموو شتەکان چاکن ، کاتێکدەردەچێت لەدەستی ئەفراندن، هەموو شتێ تێك دەچێت لەسەر دەستی مرۆڤ ، بەواتای شارستانیەت و ژیاری کەمرۆڤ دروستکەریەتی، ئەمە مرۆڤە خراپی دەکات و جیای دەکاتەوە لەسروشت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای یەکێك لە زاناکانی کۆمەڵناسی، ئەویش ماکس ڤیبەرە، کە باسی نامۆ بونی کار دەکات، لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا کاتێك دەبینێت کە خەڵکی دێنە مەیدان و داهێنانە ڕێکخراوێکی ئابوری دروست دەکەن کە بایەخدارە بەلایانەوە. هەموو ئەو بانگەشانەی لە دەزگای گەورەو مۆدێرنی بیرۆکراتیدا کە بەناوی کاراییەوە دروست بوون، لە دەست چووە ، بەلای زۆربەمانەوە پارە پەیدا کردن ئامانجەو بووەتە جێنشینی کاری مانا دار و شوێن کەوتنی ژیانێکی ڕەزامەند لەڕێگەی کارنەکردنەوە نەك لە ڕێگەی کارکردنەوە، ژیان بۆ زۆرێك گۆڕەپانێکە بۆ بردنەوە لە یارییەکدا کە ئێمە هەم لە یەکتر و هەم لە کاری مانادار نامۆ دەکات[٢٦] .

خاڵی سەرەتای سەرهەڵدانی بیرکردنەوە لای ڕێبازی فرانك فۆرت هەروەك فەلسەفەی مارکس لێکدانەوەی پرسی نامۆیی مرۆڤە. بە پێچەوانەی مارکس، بیرۆکەی قوتابخانەی فرانك فۆرت ئەوە نییە کە چارەسەری کێشەی ئازادی مرۆڤ لەم هەلومەرجەدا، لەڕێگەی شۆڕشی ئابوری دابین بێت. بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان بە ئازادی بگەن سڕینەوەی نامۆیی ئابووری تاکە ڕێگە نییە، بەڵکو شێوەیەك لە نامۆیی قووڵتر هەیە، بۆ دەرباز بوون لەو نامۆییە پێویستی بە پرۆسەی ئازادکردنی هەمەلایەن و پەرگیر هەیە[٢٧].

---

[٢٢] بەدەستکارییەوە لەهەمان سەرچاوەی پێشوو .

[٢٣] ئەحمەد غولامی، ژان ژاك ڕۆسۆ و سیاسەتی مۆدێرن، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠، ٦٩-٧٠.

[٢٤] ژان ژاك ڕۆسۆ ، ئێمل ، و : ڕەسوڵ سوڵتانی ، چاپخانەی هیڤی ، هەولێر ،٢٠٠٨،ل١٢٧ .

[٢٥] نەوزاد جمال ، بابەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی سەرەتایەك ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی یاد ، ٢٠١٢ ، ل ١١١ .

[٢٦] جۆیل شارۆن، دەپرسیاری کۆمەڵناسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣٦

[٢٧] خۆزە گالیندۆ ، هێکتۆر زاگاڵ، فەلسەفەی ئەخلاق، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤.

*نانۆرماتیف: کاتێك کەسێك هەست دەکات لە بیرو بۆچوون و پرەنسیپەکانی کۆمەڵگا لایداوە ئەوا توشی نانۆرماتیف بوون دەبێت.

یەکێك لە بەناوبانگ ترین ڕاڤەکردنەکانی دۆرکهایم سەبارەت بە توێژینەوەی خۆکوشتنە. بەرای دۆرکهایم وا دێتە بەرچاو کە خۆکوشتن کردەیەکی لە بنەرەتدا تاکە کەسی نییە، وە وای دەردەخات بە تەواوی لە ئەنجامی هەستێکی توندی ڕەشبینی لە لایەن تاکەوەیە، کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی بناغەییان لەسەر خۆکوشتن هەیە . نا نۆرماتیف* بوون یەکێك لەم هۆکارانەیە. بەپێی ڕای دۆرکهایم پرۆسەکانی گۆرانکاری لە جیهانی ئەمرۆیدا بە جۆرێك خێراو توندە، کە دەبێتە هۆی کۆمەڵە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گشتی کە دۆرکهایم ئەمانە بە پێوەرێکی نا متمانە یان نانۆرماتیف دەبەستێتەوە، نا نۆرماتیف بوون هەستێکی بێ ئامانج یان بێ ئاکامە لە ئەنجامی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانەوە دەوروژێنرێت، چاودێری و دیسپلینە ئەخلاقییەکانی نەریتی کە لە لایەن مەزهەبەکانەوە فەراهەم دەکرا لە ئاکامی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەمرۆییەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەناو دەچن،وە ئەمەش دەبێت هۆی ئەوەی زۆربەی تاکەکان لە کۆمەڵگەکانی ئەمرۆیدا هەست بەوە بکەن کە ژیانی ڕۆژانەیان بێ مانایە[٢٨].

**خۆکوشتن لای دۆرکهایم:**

خۆکوشتن هەموو ئەو حاڵەتانەی مردن دەگرێتەوە، کە بەهۆی کارێکی خراپ یان چاکەوە ڕوودەدەن، کە خۆکوژ ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ پێی هەڵدەستێت و دەزانێت کە ئاوای بەسەر دێت[٢٩].

**خۆکوشتنی ئەنومی(Anomic)لای دۆرکهایم.**

ئەو جۆرە خۆکوشتنە دەردەکەوێت، کە کۆمەڵگە شکست دەهێنێت لە کۆنترۆلکردنی ڕەفتارو پەیوەندییەکانی تاکەکان، ئەو کاتە ئاکارو ئاداب و بەهاکان دەشێوێن و خوو ترادسیۆنەکان لاواز دەبن و گێرەشێوێنی و گەندەڵی باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێت. لێرەدا تاك ئاواتەکانی لەدەست دەدات، یان ئارەزووی کارلێککردن و گونجاندنی لەگەڵ ئەوانی تردا نامێنێت، ئەو کاتەی تاك هەست بە بێ توانایی دەکات لە دانانی سنورێك بۆ حاڵەتە شێواوو ریز پەرو بێتواناییەکەی لە گۆڕانی کۆمەڵگە بەرەو باشتر، ئەوا ئەو دوچاری بێئومێدی و نەمانی هیواو ئامانجەکان دەبێتەوە. ئەو جۆرە حاڵەتە وای لێدەکات دوچاری نەخۆشی دەرونی و خەمۆکی و بێزاری بێت لە ژیان. تەواوی ئەو فاکتەرانە ڕەنگە پاڵی پێوە بنێن بەرەو خۆکوشتن و رزگار بونی لە ژیاندا [٣٠].

**دورکهایم سێ جۆر خۆکوشتنمان بۆ دیاری دەکات:**

١- خۆکوشتنی تاکییەتی یان دورە پەرێزی کۆمەڵایەتی(Egoistie suicide) دەرکەوتەی ئەم جۆرە خۆکوشتنە دەرهاویشتەی دورە پەرێزی تاکە لە کۆمەڵگە، لێرەدا تاك توانای پەیوەندی بەهێزی نییە لەگەڵ کۆمەڵگا. وە کۆمەڵگە لە توانایدا نییە بوار بدات بە تاکەکانی بۆ کار و چالاکی. بۆیە تاك هەستی

---

[٢٨] ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨٦.

[٢٩] د.تاهرحەسۆ زێباری، د.محمد شوانی، دەروازەیەك بۆ کۆمەڵناسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٦٩.

[٣٠] د.تاهرحەسۆ زێباری، د.محمد حوسێن شوانی، دەروازەیەك بۆ کۆمەڵناسی، ل٧٠ نقلا عن
P.cit-PP212-215.The Division of Labor in Society. Emile Durkheim

دورەپـەرێزی لا دروسـت دەبێـت بـە وون کردنـی هیـواو ئارەزووەکـانی توشـی نەخۆشـی دەرونـی دەبێـت و سەردەکێشێت بۆ خۆکوشتن.

٢- خۆکوشـتنی خـۆ بـەختکردن لـە پێنـاو ئـەوانی تـردا (Altruistic Suicide) ئـەم جـۆرە خۆکوشـتنە بـە تەواوی پێچەوانەی جۆری یەکەمـە. لێـرەدا تـاك وابەسـتەو ئاوێتەیـە بـە کۆمەڵەکەیـەوە نـاتوانێ لێـی دوور بکەوێتەوە و ئامادەیە خۆی بکات بە قوربانی لەپێناو بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجی کۆمەڵەکەی.

٣- خۆکوشـتنی التفسـخ (ڕزی- لـەت و پـەت بـوو- کۆتـایی پێهێنـان) کۆمەڵایـەتی(Anomic Suicide) کاتێـك کۆمەڵگە شکست دەهێنێت لە کۆنتڕۆڵکردنی هەڵسوکەوت و پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگاوە، لێـرەدا تـاك هیـواو ئاواتەکانی نامێنێت، بۆیە تاك هەست بە بێتوانایی دەکات[٣١].

**باسی سێیەم: نامۆبوون لەرووی فەلسەفەوە**

نـامۆبون کێشـەیەکی هـەرە سـەرەکی فەلسـەفەیە، زیـاد لـەوەش ئـەرکی فەلسـەفە لـە بنچـینەدا نەهێشـتنی نامۆبوونە، وەك(کۆفمان) جـەخت دەکاتـەوەو دەڵێـت (فەلسـەفە لـەدایك دەبێـت لـە منداڵـدانی نامۆبوونـەوە)[٣٢]، بەکارهێنانی ئەم ئیدیۆمە لە ئێستادا ماناو تایبەتمەندی باوی خـۆی هەیـە، هەرچـەندە مانـاو دەلالـەتێکی کـۆنی هەیە[٣٣]. ئەمە هەمان شـتە کـە پێغەمبـەرەکانی تـەورات بـە (بتپەرسـتی) ناویـان بـردووە، ئەگـەر زیـاتر سـەرنج بدەینــە مانــای بتپەرسـتی، بەشـێوەیەکی باشـتر لــە چـەمکی لـەخو نـامۆبوون تێدەگـەین[٣٤]. کرۆکـی ئـەوەی پێغەمبەران بتپەرستی ئەوە نیە مرۆڤ لەجیاتی تاکە خودایـەك چووبێت چـەند خودایـەکی پەرسـتبێت، بـەڵکو مەسەلەکە لەوەدایە کە بتەکان خۆیان دروستکراوی دەستەکانی مرۆڤن[٣٥].

یەکێك لەو فەیلەسوفانەی کە هەستی نامۆبونی لاچەکەرەبوە(هێراکلیتس)ە، کە هاودەمی سـەردەمێکی لیـوان لێو بووە لە شەڕو روداوو ئاژاوەی خوێناوی، لێرەدا هەسـتێکی نـامۆبوونی لا دروسـت بـووە بـەهۆی یەکنـەگرتنی وڵاتەکەیەوە، ئەم نامۆبوونەش بەڕاشکاوی بەدیار دەکەوێت لە ووتە بەپێزەکەی دەڵێـت( بـەدوای خـودی خۆمـدا دەگەڕێم).

زۆرێك لە نوسراوە فەلسەفییەکان ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە چـەمکی نـامۆبوون بـونی هـەبووە لـە ئـاوەزی یۆنانی کۆندا، بەتایبەتی لای (سوکرات) (٤٦٩-٣٩٠پ.ز) کە ئامانجی بەرپاکردنی شۆڕشێك بوو بەسـەر شـێوازەکانی هزردا، بەرامبەر ئەمانەش هزری( کۆنـەپارێزFundamentalism ) کـە نـەیارانی تاوانبـار دەکـرد بـەوەی کـە ئەمانــە مێشـکی خـەڵك خـراپ دەکـەن، بەتایبـەتی چـینی گـەنجان، کـە ئەمـەش دەکەوێتـە دەرەوەی پرەنسـیپە باوەکان، وەك جوانی، چاکە، ڕاستی.

[٣١] د.احسان محمد الحسن، علم الاجتماع، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٧٦،ص٣٨٥.

[٣٢] ريتشارد شاخت، الاغتراب، ت:كامل يوسف حسين، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت،١٩٨٠،ص٢٤.

[٣٣] د.احمد ابوزيد، مجلة عالم الفكر، المجلد العاشر، العدد الاول، الكويت١٩٧٩،ص٥.

[٣٤] ئەریك فروم، کۆمەڵگای تەندروست، و:زاهیر محەمەد رەشید، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چ١، سلیمانی٢٠٠٨، لا١٢٩.

[٣٥] ئەریك فروم، چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و:ئارام جەمال سابیر، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا،٢٠٠٨سلیمانی،لا٩٤.

لە بۆچونی ئەرستۆوە ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت کە مرۆڤ بە زەبوون و نامۆ دادەنێت و لە لای فەلسەفەی ئایینی پاش ئەرستۆشدا، بەتایبەتی لەناو بیروڕای مەسیحایەتیدا نامۆ بوونەکەیان کرد بە بناغەی هەستکردن بە گوناه و پەشیمانی بەنزمدانان و سوکایەتی بە ئاگامەندی بەرامبەر جولێنەری یەکەم[٣٦].

هەروەها فەیلەسوفی مەزن (ئەفلاتون) بەشدارییەکی بەرفراوانی هەبووە لە بوارەکانی فەلسەفە، بەتایبەتی کارە گرنگەکەی کە خۆی دەبینێتەوە لە کتێبی(الجمهوریة)دا، هەستی نامۆیی و دورە پەرێزی هەبووە لە هەڵسوکەوت و مۆراڵی هاوسەردەمەکەی . چۆن ئەتوانین دەستمان بە رەگی نامۆبوون لە فەلسەفەی (ئەرستۆ) لەکۆنداو (سبینوزا) لەسەردەمی نوێدا(فیختەو شیلینخ و هولباخ و سنتانا و دیوی...) هەروەها لە بەرهەمەکانی (دیدرۆ و رۆسۆ و فولتێر و کانت و بلینسکی...) ئەمانەو کەسانی تریش بەشداربوون هەریەك بەرێگە و بیروبۆچونی خۆی لە ڕاڤەکردنی دیاردەی نامۆبوندا[٣٧].

بیرۆکەی نامۆبون لە تۆماری دروست بوون- Genesis) لە درامای مرۆڤایەتی پابەند بە دروستبون و کەوتنەخوارەوەی مرۆڤ بۆ سەر زەوی وە جیابونەوەی لە ئاکامی خواردنی تابۆو و دەرچوون لە بەهەشت. روبەروبونەوەی ژیانی دوو لایەنە کە دامەزراوە لەسەر ململانێی نێوان جەستەو روح لەخۆ دەگرێت[٣٨].

هەندێك لە فەیلەسوفەکانی پێش مارکس چەمکی نامۆبونیان بەکارهێناوە هەریەك لە دیدو تێروانینی جیاواز ناوەرۆکێکی نوێی پێبەخشیوە. مارکس وەك فەیلەسوفێکی مرۆڤ دۆست نارەزایی خۆی دەرخستووە لە بەرامبەر نامۆیی مرۆڤایەتی و لەدەستدانی خود. کەواتە نامۆبوون بریتییە لە ژێر دەستبوونی مرۆڤ لەلایەن هێزێکی نامرۆییەوە کە کرێکار دەگۆڕێت بۆ ئامێرێك ، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە تاکانەییەکانی خۆی[٣٩].

مارکس لە دەستنوسەکانیدا جەخت لەسەر سروشتی کارو سروشتی مرۆڤ دەکاتەوە و دەڵێت (کاری مرۆڤ بەستراوە بە ژیانی مرۆڤەوە ، وزەو توانا و گیانی تایبەتی کرێکارە، کە لە بەرهەمی کاری بەرجەستە دەبێت نامۆ دەبێت بە خودی خۆیی دەچێت بۆ کەسێکی تر[٤٠].

مارکس لە لێکۆڵینەوە زانستیە بەناوبانگەکەیدا، ئەوەی نیشاندا کە چۆن ژیانی ئابوری سەرمایەداری، هاوکات (لەبنەرەتدا یەکەمین کۆمەڵگەی بێباوەرو خاڵی لە موقەدەس) ی شانبەشانی بەدترین نمونەی لە خۆنامۆبونی مرۆڤ هێنایە ئاراوە، ئەم دوو دیاردەیەش پەیوەندییەکی ئێجگار نزیکن[٤١].

لای مارکس بەرهەمێك ناوی نامۆیی پێدەدرێت کە ئەو بەرهەمە لە ژێر دەسەڵات مولکییەتی خاوەنکەیدا دەربچێت و ببێت بە موڵکی ببێت بە موڵکی کەسێکی دیکە، ئەو کەسەش ئەو بەرهەمە بکات بە داردەستێك بۆ چەوساندنەوەی خاوەنی ڕەسەنی بەرهەمەکە[٤٢]. فۆرمێکی تری نامۆبوون کە باسی دەکات (نامۆبوونی مرۆڤە لە مرۆڤدا). ئەم نامۆبوونە لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە کاری نامۆ بوو دەبێتە هۆی نامۆبوون لە بەرهەم و ئەم بەرهەمەش بۆ کەسێکی تر دەبێت.

---

[٣٦] د.محەمەد کەمال، نیتشە و پاش تازەگەری، چاپ و دەزگای حەمدی، سلیمانی،٢٠٠٦،ل١١٧.

[٣٧] محمد ذنون زینو الصائغ، الحصار الاقتصادي والاغتراب الاجتماعي واثرها في سلوك الطلبة، رسالة ماجستير اداب في علم الاجتماع، جامعة الموصل،١٩٩٨،ص٣٥.

[٣٨] د.قيس النوري، الاغتراب اصطلاحا ومفهوما و واقعا، مجلة العالم الفكر، المجلة العاشر، العدد الاول، الكويت، ١٩٧٩.ص١٩.

[٣٩] د.تاهیر حەسۆ زێباری، د.محەمەد حوسین شوانی، دەروەزایەك بۆ کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم،چاپخانەی چاپی سەردەم، سلیمانی، ٢٠١٣،ل٣٧١.

[٤٠] كارل ماركس، ت:الياس مرقص، مخطوطات١٨٤٤، الاقتصاد السياسي والفلسفة، منشورات وزارة الثقافة دمشق،١٩٧٠،ص١٨١.

[٤١] لۆسیان گۆڵدمان، فەلسەفەی رۆشنگەری بورژوازی مەسیحی و رۆشنگەری، و: عومەر سەرگەتی، چاپی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری،٢٠٠٦، ل١٨٢.

[٤٢] د. محمد کەمال، فەلسەفەی هیگل، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٩.ل٦٢.

مارکس ڕایدەگەیەنێت کە ئەو (نامۆ)یە مرۆڤ خۆیەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کرێکار بەرهەمێك بەرهەم دەهێنێت نامۆیە پێی، پاشان ئەو بەرهەمە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤێکی تر کە زۆر لە کرێکارەکە بەهێز تـرە، ئـەم مرۆڤە نامۆیە بە کرێکارەکە، لەبەر ئەوەش نامۆبونی مرۆڤ لە مرۆڤ ڕوودەدات[٤٣].

کار بۆ کرێکار کارێکی دەرەکییە، واتا کار بەشێك لە سروشتی ئەو نییەو لە ئەنجامیشدا ئەو لە کارەکەی ڕازی نابێت، بەڵکو هەست بە بێبەش بوون دەکات، هەست بەبەخت ڕەشی دەکات نەك بەبەختەوەری، هێزی ڕۆحـی و جەستەییەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە پەرەپێنادات، بەڵکو تواناو وزەی جەستەیی خۆی لەدەست دەدات لـە ڕوانگەی ڕۆحییەوە ڤێز لە خۆی دەکاتەوە[٤٤].

**باشتر وایە بیروڕای مارکس دیاری بکەین بەکورتی لەمەر نامۆبوون وەك:**

یەکەم: مرۆڤ نامۆ بووە لە بەرهەمەکەی و لە جیهانی سروشت.

دووەم: نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤە.

سێیەم: مرۆڤ نامۆبووە لە سروشتی مرۆڤ یان ناوەرۆکی خۆی.

چوارەم: نامۆبوون لە پرۆسەی کار.

مارکس: نامۆبوون بەحاڵەتی کەسێك دادەنێت کە لە ژێر کاریگەری بـارودۆخ و ژینگـەی دەوروبـەری - ئـاینی، ئابوری، سیاسی، ئیرادەی خۆی لەدەسـت دەدات تـا ئـەو جێگایـەی وەك شـمەك مامەلـەی لەگـەڵ دەکرێـت و دیلی شمەکی تایبەتە، دیلی پارەیە، لەڕاستیدا هەبوون دەکاتە قوربانی هەیبوو[٤٥].

لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا کرێکار کار بۆ کەسێکی تر دەکات، کارەکـەی شـتێکە لـە دەرەوەی خۆیـدا، چـونکە خاوەنی نییە، بۆیـە بـە کارەکـەی خـۆی نـامۆ دەبێـت، هەقیقـەتی مرۆڤایـەتی خـۆی لەدەسـت دەدات، دەبێـت بـە ئامێرێك بـە دەسـت سـەرمایەدارەوە، بۆیـە کرێکـار لـەم کۆمەڵگەیـەکی سـەرمایەداریدا زیـاتر لـە کۆیلـە دەچـێت، هەرچەندە کۆیلە نیە، بەڵام کار بۆ چینێکی تر دەکات، لەمەشەوە بوونی مرۆڤایەتی دەکەوێتـە دەسـت بـۆرژوازو سەرمایەدارەوە[٤٦].

## نامۆبوون لای هیگل

کێشــەی نــامۆبوونی ئاگامەنــدی لــە ڕاســتەقینەوە لــە فەلســەفەکەی(کانت)دا بــە زەقــی خــۆی دەرخستووەو(هیگڵ)یش یەکێکە لـە فەیلەسـوفەکانی پـاش کانـت ڕەخنـەی لێگرتبێـت. بـەبیروڕای هیگـل نـامۆیی ئاگامندی بارودۆخێکی زەروریە و ئاگامەندی تێدا دەروات. زەرورەتی نامۆیش لەوەدا نییـە کـە هێزێکـی دەرەکـی بێجگە لە ئاگامەندی ئەم بارودۆخەی هێنابێتە کایەوە[٤٧].

هیگڵ لە زۆربەی نوسراوەکانیدا گرنگی تایبەتی داوە بە زاراوەی (نامۆبوون) بۆیە ناو زەند کراوە بـە (بـاوکی نـامۆبوون) لای هیگـڵ داکـەوتێکی ڕیشـەییە لـە بـوونی مرۆڤـدا. هیگـل نـامۆبوون بـە کێشـەیەکی هـەرە گرنگـی

[٤٣] جاکوب گراهام، و: ئاسۆ خالید، هایدیگەرو مارکس و چەمکی نامۆبوون، گۆڤاری هەنگاو سالی دووەم، ژمارە٦، ٢٠٠٣،لا٩.

[٤٤] ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، و: حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩،لا٦٣٦.

[٤٥] ژان پۆل سارتەر، ئەدەب چییە؟ و: مستەفا غەفوور،لا٣٣.

[٤٦] صبور حەمە شریف هەورامی، چەردەیەك مێژوی فەلسەفە لە ئەوروپا، چاپخانەی کوردۆنیا، ٢٠١٠،لا٢٣٤.

[٤٧] د.محمد کەمال، بون و داهێنان، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٤،لا٢٧.

فەلسەفە دادەنێت، کاری فەلسەفە لە بنەڕەتدا لەناوبردنی نامۆییە، چونکە هۆش و بوون لەیەك جیابونەتەوەو نامۆن[٤٨].

هیگڵ یەکەمین بیریاربوو چەمکی نامۆبونی دەوڵەمەند کرد بەتایبەتی ئەو کاتەی کە مێژوی مرۆڤی بە یەککاتدا، بە مێژووی نامۆبوون(Entfremdung) ی مرۆڤی لەقەڵەمدا[٤٩].

**هیگڵ نامۆبونی جیاکردۆتەوە بۆ دوو بەش:**

یەکەم: نامۆبونی ئەرێنی، دەرچونێکە کەتەواو خود ئاگادارە لە خۆی ...

دووەم: نامۆبونی نەرێنی، دەرچونێکە کە خۆی ناناسێ...

نامۆبون لای هیگڵ بە پێچەوانەی مارکس و سارتەر و هایدیگەریشەوە، رووداوێك نییە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی سەپاندویەتی، بەڵکو حاڵەتێکی زەروریەو بنەمایەکی میتافیزیکی هەیە و دەبێت زات تەجروبەی بکات یان وەکو قۆناغێك پیایدا تێپەرێت. بەبێ نامۆیی و هەستکردن بە نامۆیی و خۆڕزگارکردن لە دەستی نامۆیی زات پێش ناکەوێت و ناتوانێت بەرەو قۆناغەکانی داهاتووی یان دیالێکتیکیانە هەنگاو بنێت[٥٠].

هیگڵ بیریارێکی مەزن بوو کە توانی بیروڕای خۆی بەدیار بخات و چەمکی نامۆبونی دەولەمەند کرد. مێژووی مرۆڤی، بەمێژووی نامۆبوون دانا. لەڕوانگەی هیگڵ، نامۆبوون بریتییە لە ڕەوتی پەرینەوە لە خۆو بوون بە ئەویدی، ئەمەیش قۆناغێکی لۆگیکی ئۆبژێکتیڤیتەی هیگڵە، پەڕیتەوە لە خۆ و بوون بە ئۆبژێکت بە زەرورەت نامۆبوون لە خودی خۆی دەخاتەوە[٥١].

ئەم مانایە لە نامۆبوون کە لە فەلسەفەی هیگڵ دا ڕۆڵێی سەرەکی هەیە، لە تێگەیشتنی هیگڵ دا، روح لە نوسراوەکانی خۆیدا لەگەڵ خۆی نامۆ دەبێت، روح پێکهاتەی فیکری و کۆمەڵایەتیەکان دروست دەکات و خود لە دەرەوەی خۆی بەدیدەهێنێت. مێژوی رۆح ، مێژوی مرۆڤایەتی، هەمان مێژوی نامۆبونەکان[٥٢]. بەنامۆبونی وشیاری، بەشت بوون دێتە ئاراوەو و ئەم نامۆبوونە نەك تەنیا واتای نەرێنی بە لکو واتای ئەرێنی هەیە. نامۆبون تەنیا بۆ ئێمە یان لە خۆدا نیە، بەڵکو بۆ خۆیشە.

فەلسەفەی نیتشە شۆرشێکە دژی بیروڕای دۆگمای میتافیزیك، دوای ڕمانی سیستەمی میتافیزیك لە ئەوروپا، جۆرێکی جیاواز لە تێڕوانین بۆ مرۆڤ پەیدابوو. ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ تاکێکی بێ دەرەتانە بێ خاوەن و تەنهایە، ناوەرۆکی خۆی خۆی دروستی دەکات و بەرپرسە لە ژیانی.

کاتێك کۆمەڵگا بەرەو مەدەنییەت هەنگاو دەنێت بەرەو هەرەسهێنانی شارستانییەت، وە پیرۆزییەکانی مرۆڤ دەپوکێنەوەو مانایان نامێنێت، هەروەها بوون مانای خۆی لەدەست دەدات . لەم حاڵەتەدا مرۆڤ هەست بە نائومێدی و نامۆبوون دەکات.

---

[٤٨] د. محمد کەمال، نیهیلیزم و رەهەندەکانی بیرکردنەوە،چ١، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی٢٠٠٥، ل٦١.

[٤٩] ئەریك فرۆم، چەمکی مرۆڤ لای مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

[٥٠] د. محەمەد کەمال، فەلسەفەی هیگل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

[٥١] کامەران خالید، مرۆڤی تاك رەهەند لای مارکوزە، گۆڤاری کرنسێپت، چاپخانەی رەنج، ژمارە ٤، ٢٠١١، ل٣٠٠.

[٥٢] ریمۆن ئارۆن، قۆناغە بنەماییەکانی هزر لە کۆمەڵناسیدا، و: عبدوڵڵا ڕەسولی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا-٢٠١٣،ل٢٧٧.

نیتشە لە کتێبی(زانستی شاد- ١٨٨٢) دا ڕای دەگەیەنێت، هەرچەندە هۆشیاری زیاتر بێت، هەڵەکردن زیاتر و فراوانتر دەبێت، مۆدێرنیزمیش خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنی هۆشیارییە، واتە سەرکەوتنی وزەیەکە لەسەر بنەمای نامۆیی دروست بووە[٥٣].

مارکس وەك هیگڵ پێی وایە چەمکی نامۆبوون لەسەر بناغەی جیاوازی نێوان بوون و جەوهەر وەستاوە، ئەویش لەسەر بناغەی ئەو ڕاستییەی کە بوونی مرۆڤ بە جەوهەری خۆی نامۆیە. مرۆڤ ئەوە نیە کە لە ناخی خۆیدا شاردراوەتەوە، یاخود بە مانایەکی دی، مرۆڤ ئەوە نیە کە دەبێت ببێت، هەر بۆیە دەبێت تەنها ببێتە ئەوەی کە دەتوانێت ببێت[٥٤].

یەکێکی تر لەو زانایانەی کە پشکی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی چەمکی نامۆبوونن(مێلڤین سیمان)ە، کە ویستی بەرگێکی تازە بکات بە دەوری ئەم دیاردەیەدا. ئەویش بەڕوون کردنەوەی چەمك و مانا جیاوازەکانی لەم خاڵانەدا بەدیار دەکەوێت :

١- نەبونی هێزە لای تاکی نامۆ، واتا نامۆیی هەستێکە لای تاك دروست دەبێت وە بێتوانای دەکات بەرامبەر بەگۆڕینی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیەی کارلێکی لەگەڵ دەکات.

٢- بەرهێنانی نامۆیی نەبونی ئامانجە لای کەسی نامۆ، واتا نەتوانینی ئاراستە کردنی ڕەفتارو بیروباوەڕو ئامانجەکانی.

٣- نامۆیی نەتوانینی تاکە بە هەڵسوکەوت کردن بەپێی ئەو پێوەرانەی لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئاکارییەوە خەڵکی پێیان ئاشنان.

٤- نامۆیی دابڕانە ، واتا تاکی نامۆ هەست دەکات نامۆیە بە ئامانجە شارستانیەتیەکانی کۆمەڵگەکەی[٥٥].

بیروباوەری بوونگەراکان گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لەمەڕ دیاردەی نامۆبوندا، چونکە مرۆڤ لەم جیهانە هاوچەرخەدا سەرگەردان و نامۆیەو هەست بە تەنیایی دەکات و دەبێتە کۆیلە، بۆیە بوونگەراکان زیاتر گرنگی دەدەن بە ژیان و بونی داکەوتی مەرجدار، باوەریان بە ناوەرۆکی پێشوو نیە لە مرۆڤدا. هەروەها مرۆڤ بەرپرسیارە لە خودی خۆی، خاوەنی چارەنوسی سەربەخۆی خۆیەتی[٥٦].

بیری نامۆبوون شوێنێکی گرنگی لە بیرو بۆچونی بونگەراکان داگیر کردووە، زۆربەی بیرمەندانی بونگەراکان لەو باوەڕەدان کە مرۆڤ لەم جیهانە فراوانەدا هیچ شتێکی نیە کە پێشکەشی بکات، بەڵکو هەستکردن بە تەنهایی و نامۆبوون دەکات. نامۆبوون سێ جۆری هەیە: نامۆبوون لە خود، نامۆبون لە کەسانی تر، نامۆبون لە خواوەند.

نامۆیی لای بونگەراکان نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتیە، تێروانینی بونگەراکان بۆ ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، یەکێك لەوانە(جان پۆل سارتەر)ە پێیوایە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەست بە نامۆبوون دەکات، چونکە ئەو شتانەی بەرهەمی دەهێنێت پێی نامۆیە، بۆیە دابڕانێکی گەورە دروست دەبێت لە نێوان تاك و کۆمەڵگە ، بەزۆر بوون و پچڕانی ئەو پەیوەندیانە دەبێتە هۆی دڵەراوکەو دوو دڵی و یاخیبوون.

---

[٥٣] عوسمان یاسین، فریدریك نیتشە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠، وەرگێڕاوە لە بابك احمدی، مدرنیتە واندیشەی انتقادی، لا٣٤٢.

[٥٤] ئەریك فرۆم، چەمکی مرۆڤ لای مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٩٨.

[٥٥] د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ،لا٥٦١.

[٥٦] سیمۆن دی بوفوار، الوجودیة و حکومة الشعوب، ت: جورج ترابیشي، دار الاداب، بیروت،١٩٦٢،ص٣١.

سارتەر لە ڕۆمان و شانۆنامە فەلسەفییەکانیدا جەخت دەکاتە سەر چەمکی ئازادی بونی مرۆڤ لە دروست بوونی جیهاندا، ئەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانی توشی هەڵچون و دڵە ڕاوکێو نامۆبوون بونەتەوە، چونکە مرۆڤ بەرهەمی کردەوەی خۆیەتی لە ژیان تێدەگات تەنیا مرۆڤ واتا دەبەخشێتە هەموو شتەکان.

نامۆبوون لای سارتەر بریتییە لە دۆخێك کە کەسێك لە جەوهەری خۆی، لە ڕەسەنی مرۆیی خۆی دور کەوتبێتەوە. هۆکارەکانی ئەم پرسەش زۆرن. وەڵێ زۆرجار پەیوەندی بە خاوبوونەوە یان پچڕانی پەیوەندی تاك لەگەڵ ژینگە یان سروشتدا، هەیە. هەر ئەم زاراوەیە لە سەردەمی هیگڵەوە هاتۆتە ناو فەلسەفەو ڕۆژ بەرۆژ پتر بایەخی پەیدا کردووە[57].

سارتەر بەڕێبازی تایبەتی خۆی زاراوەی (نامۆبوون)ی مارکس دووبارە زیندوو دەکاتەوەو بەرگێکی بوون گرایانەی بە بەردا دەکات. واتای (نامۆبوون) لای مارکس زۆر جیاوازی هەبووە لەگەڵ واتاکەی لای سارتەر. نامۆبوون لای مارکس واتای کە مەبەست بێت لە هەستێك، مرۆڤ توشی دەبێت لە ئەنجامی چەوسانەوەی لە لایەن مرۆڤی ترەوە ، بەڵام لای سارتەر نامۆبوون بەو واتایە دێت ، کە خەسلەتێك بێت لە خەسلەتەکانی قەیرانی مرۆڤایەتی بە گشتی. هەرچەندە بیرۆکەی نامۆبوون (مارکس- سارتەر) لە هیگڵەوە وەرگیراوە[58].

سارتەر لە کتێبە فەلسەفیەکەیدا(بوون و نەبوون) ١٩٤٣ باسی نامۆیی کردووە ، سارتەر لەباتی نامۆیی زاراوەیەکی تایبەتی بۆ داتاشیوین و پێی دەڵێت بڕوای خراپ (Bad faith) یان درۆ لەگەڵ خۆ کردن ، خۆ هەڵخەڵەتاندن. بڕوای خراپ لەو کاتەدا پەیدا دەبێت کە مرۆڤ خۆی بە بابەتێك دادەنێ و هەموو سیفاتێکی مرۆڤانەی لە بوونی خۆی ڕادەماڵێت[59].

**بەشی سێیەم:**

**باسی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو لای ڕۆژهەڵاتییەکان:**

چەندەها بیرمەندو توێژەر بیرو ڕای جیاوازو تەبایان خستۆتە ڕوو بۆ باسکردن لەسەر دیاردەی نامۆبوون و کاریگەرییە جۆربەجۆرەکانی چ ئەرێنی و نەرێنی بێت. هەر توێژینەوەیەکیش ڕێوشوێنی تایبەتی و ئامانجی جیاوازی خۆی هەیە.

١- توێژینەوەی احمد خيري:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە (دیاردەی نامۆبوون لای خوێندارانی زانکۆ) لە زانکۆی عەین شەمس، توێژەر هەولیداوە بۆ بەدیار خستنی پەیوەندی نامۆبوون بە هەریەك لە گۆڕاوەکانی تەمەن و ڕەگەز و ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاستی فێربوون و جۆری فێربوون.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە نامۆبون جیاوازە بە جیاوازی تەمەن وە ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی، وە هەروەها جیاوازە بە جۆری کۆلێژو جۆری بەش. وە دەریخستووە کە خوێندکاران نامۆبوون

[57] جان پۆل سارتەر، ئەدەب چیە؟ هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا٣٣.

[58] مۆریس کرانستۆن، جان پۆل سارتەر، و: فواد عبدولرەحمان ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان، سلێمانی ، ٢٠١٣، لا٥١.

[59] د.محەمەد کەمال، نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٦٩.

ئەچێژن و هەست بە توڕەبوون و بێزاری و نا وابەستەبوون و دلەراوکێ و دوژمنکاری.دەرکەوتووە کە مێینـەکان زیاتر هەست بە نامۆبوون دەکەن[٦٠].

٢- توێژینەوەی عادل عزالدین الاشول، و اخرون:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نامۆبونی گەنجانی زانکۆ) لـە وڵاتـی میسـر، کاریگـەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە نامۆبوونی گەنجانی زانکۆ لە نێوان سی ساڵدا، هەوڵێکیش بووە بۆ ناسـاندنی سروشتی گۆڕان لە کۆمەڵگای میسری و چۆنیەتی ڕۆیشتنی تیوری لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر گەنجانی زانکـۆی میسـر، وە کاریـان کـردووە لەسـەر پێـنج پێـوەر کـە بـریتین لـە(دورەپـەرێزی کۆمەڵایـەتی، بـێ پێوەری، بێ مانایی، بێ ئامانجی، بێ توانایی و هەڵگەڕانەوە).

توێـژەران ئـەو گریمانانـەیان پشتڕاسـت کردوەتـەوە کـە خوێنکـارانی خوێنـدنی کردەیـی کـەمتر هەسـت بـە نامۆبوون دەکەن لە کۆلێـژەکانی تـر، هـەروەها دەرکـەوتووە کـە جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان خوێنـدکارانی کۆلێـژە جیاوازەکـان و کۆلێـژە تیۆرییـەکان، وە جیـاوازی ئامـاژەی ئامـاری لـە نێـوان کـوران و کچـان، لـە بەرژەوەنـدی کوراندایە[٦١].

٣- توێژینەوەی زینب النجار:

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی ئەزهەرو عەین شـەمس، بـە نێـوی(نـامۆبوون لـە چوارچێوەی زانکـۆدا) توێـژەر هەسـتاوە بـە پێناسـاندنی جۆرەکـانی نـامۆبوون و هۆکارەکـانی سـەرهەڵدانی، ئامـانجی ئـەم توێژینەوەیـە بەدەرخستنی ماوەی بوونی نامۆبوون لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ.

توێژەر دەگاتە دەرەنجامێك کە دیاردەی نامۆبوون بونی هەیە لە نێولن خوێنکارانی زانکۆ. توێـژەر جـەختی کردۆتـەوە کـە نـامۆبون جیـاوازە بـەپێی جۆری گۆڕاوەکـان و ئاسـتی خوێنـدەواری و ڕەگـەز و جـۆری کۆلێـژ، وە هەروەها دەڵێت: کە ئاستی نامۆبون کەمترە لە خوێندنە ئاینیەکاندا بە بەراورد بە خوێنکارانی تـر، کچـان زیـاتر نامۆن لە کوڕان[٦٢].

٤. توێژینەوەی جلال احمد عبدالله:

نامەیەکی ماستەرە بەناوی (ڕەهەندەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان) لە زانکۆی سـەلاحەددین، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێوانە کردنی ئاسـتی هەسـتکردنی خوێنکـارانی زانکۆیـە بـە نـامۆبونی کۆمەڵایـەتی و سیاسی و ڕەهەندەکانی. وە جیاوازی خوێنکاران لە هەست کردن بـە نـامۆبونی کۆمەڵایـەتی بـە پێـی گۆڕاوەکـانی توێژینــەوە (ڕەگـەز ، پسـپۆریی ، ئاسـتی ئـابوری، سەرچـاوەی داهـات، شـوێنی نیشـتەجێبوون)، لـە ئـەنجامی توێژینەوەکـە توێـژەر گەیشـتووەتە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئاسـتی هەسـتکردن بـە نـامۆبونی کۆمەڵایـەتی لـە لای خوێندکاران برێك یان کەمێك لاوازە. بەڵام ئاستێکی بەرزە لـە هەسـت کـردن بـە نـامۆبونی سیاسـی هەیـە. هـیچ

[٦٠] دراسة احمد خيري حافظ، ظاهرة الاغتراب لدي طلاب الجامعة، كلية الاداب، جامعة عين شمس، القاهرة، ١٩٨٠.

[٦١] عادل الاشوال، واخرون، التغير الاجتماعي و اغتراب شباب الجامعة، شعبة اكادمية البحث العلمي، شعبة دراسات والبحوث، القاهرة،١٩٨٥.

[٦٢] زينب محمد النجار، الاغتراب في محيط الشباب الجامعي، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية الدراسات الانسانية، جامعة الازهر، القاهرة، ١٩٨٨.

پەيوەندييەك نييە لە نێوان ئاستی هەستكردن بە نامۆبوونی كۆمەڵايەتی گۆڕاوەكان. هيچ پەيوەندييەك نيە لە نێوان ئاستی هەستكردن بە نامۆبوونی سياسی و گۆڕاوەكان[٦٣].

**باسی دووەم: توێژينەوەكانی پێشوو لای رۆژئاواييەكان:**

١- **توێژينەوەی جۆرج ميلر:**

ئامانجی ئەم توێژينەوەيە ناساندنی پەيوەندی نێوان نامۆبوونی زانايان و ئەندازياری ميكانيكی و سروشتی دامەزراوەی پيشەيی كە كاری تيا دەكەن، توێژەر هەستاوە بە كۆكردنەوەی زانياری بەهۆی پرسيارنامەوە كە دابەشيكردووە بەسەر ئەندازياران و هەڵگری بروانامەی باڵا، كە ژمارەيان(٥٢٣)كەسە، وەڵامی لێتوێژراوان كە دەگاتە(٤١٢) كەس و كە لە بارە بۆ شيكردنەوە.

توێژەر گەيشتۆتە چەند ئەنجامێك لەوانە پەيوەندييەكی توندوتۆڵ هەيە لە نێوان نامۆبوون و سروشتی دامەزراوەی پيشەيی كە كاری تيا دەكەن. كتێك پلەی نامۆبوون زياد دەكات لەگەڵ پلەی بڕياردانی ڕێكخستنی دامەزراوەكە، وە دژوارە لەگەڵ پێشكەشكردنی زيادبونی هاندەر بۆ كاركەران .

هەروەها دەڵێت ئەو كەسانەی كەوا پلەی دكتۆرايان هەيە زياتر هەست بە نامۆبوون دەكەن لە هاوەڵەكانی كە پلەی ماستەرو ئەندازيارن[٦٤].

٢- **توێژينەوەی ئۆويەOwie**

ناونيشانی ئەم توێژينەوەيە (نامۆبوونی كۆمەڵايەتی لە نێوان قوتابيانی بێگانە)، ئامانجی ئەم توێژينەوەيە ناسينی ڕادەی هەستكردن بە نامۆبوونە لای ئەو خوێنكارانەی كە خەڵكی وڵاتانی ترن و لە زانكۆی ئەمريكی دەخوێنن بە بەراورد لەگەڵ خوێندكارانی ئەمريكا. هەروەها ناساندنی جياوازی نێوان خوێنكارانی كوڕ و كچ لە هەست كردن بە نامۆبوون.

توێژەر گەيشتوەتە ئەو ئەنجامانەی كە خوێندكارانی بێگانە زياتر لە خوێندكارانی ئەمريكی هەست بە نامۆبوون دەكەن، بەڵام بە پلەی جياواز. وە گۆڕاوی ڕەگەزی كاريگەرييەكی ئەوتۆی نەبووە لە دروستكردنی جياوازی لە هەستكردن بە نامۆبوون لە نێوانياندا[٦٥].

---

[٦٣] جلال احمد عبالله، ڕەهەندەكانی نامۆبوونی كۆمەڵايەتی و سياسی گەنجان، بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێژی الاداب، زانكۆی سەلاحەدين، ٢٠١٠.

[64] George,A.Miller-professionals in bureaucracy Alienation among Industrial Scientists and Engineers-American Sociological Review-vol.32-No.5-1967

نقلا عن رساله ماجستير، محمد زنون زينو الصائغ، مصدر سابق.

[٦٥] جلال احمد عبدالله، ڕەهەندەكانی نامۆبونی كۆمەڵايەتی و سياسی گەنجان، سەرچاوەی پێشوو،لا٦٠.

**بەشی چوارەم:**

**لایەنی مەیدانی توێژینەوە**

**تاووتوێ کردنی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەی ئێستا دیاریکردنی نموونە وەرگرتنە لە خوێندکارانی زانکۆ، و دروستکردنی پێوەرێکە بۆ نامۆبوون و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە مەرجی پێوەری دەرونی و کۆمەڵایەتی لە ڕووی ڕاستگۆی و جێگیر بوون و بابەتی، بۆ ئەوەی لەبار بێت بۆ مەبەستی پیادەکردنی نموونە لەسەر خوێنکارانی زانکۆ، وە دیارکردنی هۆکاری لە بار بۆ شیتەڵکردنی داتاکان و چارەسەر کردنی ئاماری و گەیشتن بە ئاکام و دەرەنجام.، کە ئەبێتە بناغە بۆ داڕشتنی ڕێنمایی و پێشنیار.

**یەکەم: کۆمەڵگای توێژینەوە**

دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژبنەوەی ئێستا خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندن(٢٠١٥-٢٠١٦)، لە هەردوو ڕەگەز(نێر و مێ) لە پسپۆرییە زانستی و مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵگای بنچینەیی لە(١٩٥٧) خوێندکارانی لە هەردوو ڕەگەز، ژمارەی خوێندکارانی مێ(١٣٩٨) و ژمارەی خوێندکارانی نێر(٥٥٩).

**دووەم: نمونەی توێژینەوە**

نمونەی توێژینەوە(١٥٠) خوێندارانی مێ و نێرە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی ئەم نمونەیە هەڵبژێردراوە بە شێوەی هەرەمەکی وەك لە خشتەی ( ١ ) بە دیاردەکەوێت.

| ت | بەش | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵایەتی | ١٤ | ٢٠ | ٣٤ | ٪٢٢,٦٦ |
| ٢ | کۆمپیوتەر | ٨ | ١٢ | ٢٠ | ٪١٣,٣٣ |
| ٣ | کوردی | ٨ | ١٢ | ٢٠ | ٪١٣,٣٣ |
| ٤ | ئینگلیزی | ١٢ | ١١ | ٢٣ | ٪١٥,٣٣ |
| ٥ | هونەر | ١٢ | ١٠ | ٢٢ | ٪١٤,٦٦ |
| ٦ | باخچە | ٦ | ١٠ | ١٦ | ٪١٠,٦٦ |
| ٧ | ماتماتیك | ٨ | ٧ | ١٥ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | | ٦٨ | ٨٢ | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

**سێیەم: ئامڕازی توێژینەوە:**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە، توێژەر وای بەباش زانی کە پەنا ببات بۆ دروست کردنی پێوەری ( نامۆبوون)، کە تێیدایە مەرجی بنیاتنانی پێوەری دەروونی، بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە.

**أ- داڕشتی بڕگەکان:**

دوای بەرسەر کردنەوەی ئەدەبیات و خوێندنەوەی بابەتی پەیوەندی دار بە دیاردەی نامۆبوونەوە، توێژەر هەستاوە بە کۆکردنەوەی بڕگەکانی پێوەر لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەوە:

پێداچونەوەی ئەدەبیات و خوێندنەوەو پرسیارنامەی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە، وە بەدەستهێنانی بیرو بۆچون و داڕشتنی بڕگەی گونجاو کە بشێت لەگەڵ توێژینەوەکەدا. لە ژێر ڕۆشنایی پێداچونەوەی ئەدەبیاتی پێشوو وە بەدەستهێنانی کۆمەلێك بڕگەی شیاو دارشتنی لە(٤٦)بڕگەدا ، بە شێوەیەکی سەرەتایی بۆ پێوەری ئلراستەکراو، شیاو تر بێت لە داڕشتنی بڕگەکان بە ساکاری ناوەڕۆکی دیار کە گوزارشت بێت لە بیری هاوبەش( پاشکۆی ١ ).

**ب- شیاوی برگەکان:**

بەئامانجی ناسینی دەرفەتی شیاوی بڕگەی پێوەر ، توێژەر هەستا بە خستنە ڕووی پێوەری نامۆبوون بە شێوەیەکی سەرەتایی(٤٦) لە شارەزایان لە زانستی دەرونی و کۆمەڵزانی بۆ بەپێزکردنی شیاوی بڕگەکانی پێوەر(پاشکۆی ٢ ) دوای گەڕانەوەی بڕگەکان لە لاین پسپۆرانەوەو جیاکردنەوەی داتاکان و شیکار کردنەوەی ، دەرکەوت کە هاودەنگییەك هەیە لە نێوان پسپۆڕان لە لابردنی(٦) برگەی و گۆڕینی دوو بڕگە، مانەوەی (٤٠) بڕگە لە گەڵ هەندێك گۆڕاندا.

لەبەر ڕۆشنایی تێبینیەکانداو پشت بەست و بە ڕێژەی ٨٠٪ بەرەو ژوور بە ئامانجی پەسەند کردن یان پەسەند نەکردنی بڕگەکان، بۆیە تەنها بڕگەکانی پێوەری گونجاو ماوەتەوە(٤٠) بڕگەیە، (پاشکۆی ٣ ).

**ج- راستکردنەوەی پێوەر :**

پێوەرەکە پێنج جێگرەوەی لە خۆ گرتووە( بەتەواوەتی جێبەجێ دەبێت، زۆرجار جێبەجێ دەبێت، هەندێك جار جێبەجێ دەبێت، کەمجار جێبەجێ دەبێت ، هەرگیز جێبەجێ نابێت) ئەم (کێش )ە پێدراوانەی هەیە لە حاڵەتی برگە ئەرێنییەکاندا: (١،٢،٣،٤،٥) بە بەدوا هاتنی کێشدا (٥،٤،٣،٢،١) لە حاڵەتی بەدوا هاتنی بڕگە نەرێنییەکاندا.

**دانانی ڕێنمایی پێوەر:**

ڕەچاوی شیاوی لە کاتی دانانی ڕێنمایی پێوەر دەبێت ئاسان و توانای تێگەیشتنی هەبێت، هەڵنانی وەڵامدەرەوە لە پێدانی وەڵامی ئاشکراو ڕوون ئاماژەیە لە ڕێنماییەکان تا کاتێك توێژەر زانیاری دەست دەکەوێت تەنها لە پێناوی ئامانجی بەدوادا چونی زانستی، بۆیە لە لاپەڕەی ڕێنماییەکاندا برگەی تایبەتی بەناوی لێتوێژراوەوە نییە، کە دڵنیای بکات لە هۆکاری پەسەندی کۆمەڵایەتی، توێژەر هەڵنەستاوە بە ئاماژەکردنی ناو یان ئامانجی پێوەر کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی فێڵکردن لە وەڵامدانەوەدا.

**د - ئاماژەکانی ڕاستی و جێگیری پێوەری نامۆبوون:**

**١- راستگۆیی: Validity:**

بۆ بەدەر خستنی ڕاستگۆیی لە پێوەری نامۆبوون لە لای خوێندکارانی زانکۆ.

ڕاستگۆیی ڕوکەشی Face Validity

بۆ دەرخستنی ئەم جۆرە ڕاستگۆیی پێوەرە خراوەتە بەردەم چەند شارەزایەك لە زانستی کۆمەڵزانی و زانستی دەرونزانی و ئەنثرۆپۆلۆجی، بۆ دەربرینی ڕاو بۆچونەکانیان لەمەڕ گونجاوی بڕگەکان و ڕێنمایی پێوەر.

**٢- جێگیری: Reliability**

جێگیری پێوەری نامۆبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ا- ڕێگەی گەڕانەوەی تاقیکردنەوە : Test- Retest Method

توێژەر هەستاوە بە پیادەکردنی پێوەری نامۆبوون لەسەر پێکهاتەی نمونەیی لەسەر (٢٠) خوێندکاری کچ و کور کە هەڵبژێردراون بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە چوارکۆلێژ لە زانکۆی سلێمانی، دوای تێپەڕبوونی (١٤)رۆژ لە بەجێهێنانی یەکەم و دوای دووبارەکردنەوەی بەجێهێنان لەسەر هەمان نمونە، دوای پێداچونەوەی فۆڕمەکان و بەدەستهێنانی پلە، بەپێی پەیوەندی نێوان بەجێهێنانی یەکەم و بەجێهێنانی دووەم بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستبوون بیرسون. دەرکەوت کە پلەی هاوکۆلکەی جێگیر دەکاتە(٠,٧١). ئەمەش هاوکۆلکەیەکی باشە.

ب- هاوکۆلکەی الفاکرونباخ: Alfa Cronbach coefficient

بۆ بەدەستهێنانی جێگیری بەپێی ئەم ڕێگایە دەکرێت بە بەکارهێنانی کۆلکەی (الفا) بۆ هەموو فۆرمەکان کە ژمارەیان(١٥٠) فۆرمە، دەرکەوت کە کۆلکەی جێگیر(٠,٧١)ە، ئەم جێگیرەش جێگەی باوەڕپێکردنە، بەم شێوەیە پێوەری نامۆبوون لە ناوەڕۆکدا ڕێکوپێکە.

**چوارەم: ئامرازە ئامارییەکان:**

**توێژەر پەنای بردووە بۆ دەرهێنانی دەرەنجامی توێژینەوە بە ئامرازە ئامارییەکان کە ئەمانەن:**

**١- تاقیکردنەوەی تائی: (T.Test)**

بۆ هەڵبژاردنی نمونەیەك بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەی بۆ پلەی نموونەیی لە پێوەری توێژینەوەو ناوەندی گریمانەیی.

**٢- تاقیکردنەوەی تائی: (T.Test)**

تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بۆ بەراوردکردنی گۆراوی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری و پسپۆڕی خوێندن.

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی دەرەنجامی توێژینەوەو تاووتوێکردنی:**

یەکەم: خستنەڕووی دەرەنجام:

١- پێوانەکردنی نامۆبوون لەلایەن خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی:

دانانی فۆرمی نمونەیی تاکەکان کە ژمارەیان(١٥٠) خوێندکاری کچ و کور لە جانتای ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS)، دوای شیکاری کردنی داتاکانی ئاماری دەرکەوت کە دەرەنجامی ناوەندی ژمێرەیی بۆ پلەی نموونەیی توێژینەوە (١٢٠و١٣٨) پلەیەو بە لادانی پێوەری نزیکەی (١١،٨٣١) پلەیە، لەکاتی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی بە ناوەندیگریمانەیی بۆ پێوەری نزیکەی(١٢٠) پلە، وە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمونەیەك، دەرکەوت کە بەهای تائی ژمێردراو نزیکە(١٨,٧٥٧) پلە، ئەمەش گەورەترە لە بەهای تائی لە خشتەکە دەکاتە(١,٩٦) ئەمەش دەلالەتی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) و بە پلەی سەربەست (٢٩٩)، ئەمەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی....... وەك روونکراوەتەوە الە خشتەی (٢).

خشتەی(٢)

تاقیکردنەوەی تائی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندی گریمانەی و ناوەندی ژمێرەیی بۆ پلەی خوێندکارانی زانکۆ لە پێوەری نامۆبوون

| ژمارەی تاکەکانی نموونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | گریمانەی پێوەری | بەهای تائی | | ئاستی دەلالی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمێردراو | خشتەی | |
| ١٥٠ | ١٣٨,١٢٠ | ١١,٨٣١ | ١٢٠ | ١٨,٧٥٧ | ١,٦٩ | داله |

٢- ناساندنی جیازازی لە نامۆبووندا لە لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی جۆری(نێر، مێ):

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە توێژەر هەستا بە دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی بۆ پلەی نموونەی نێر کە ژمارەیان(٦٨) خوێندکار لەسەر پێوەری ناوەندی ژمێرەیی (١٣٧,٦١) پلەو لادانی پێوانەکە (٩,١١٣) پلەیە، کاتێك ناوەندی ژمێرەیی پلەی نمونەیی مێ کە ژمارەیان (٨٢) خوێندکارە لەسەر هەمان ناوەندی ژمێرەیی (١٢٤,٢٣) وە بە لادانی پێوانە (١٣,٨١١) پلە. وە بەکارهێنانی هاوکێشەی تاقیکردنەوەی تائی بۆ هەردوو نمونەی سەربەخۆدەرکەوت کە بەهای تائی ژمێردراو دەگاتە(٣,٠٦٩١)پلەکە ئەمەش دەلالەتی ئامارییە لە ئاستی دەلالەت(٠,٠٥) و بە پلەی سەربەست(١٤٨)کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی کە دەکاتە(١.٩٦). ئەمەش ئاماژەیە بۆ نامۆبوون کە زیاترە لەلای خوێندکارانی نێر بە بەراورد لەلای خوێندکارانی مێ. وەك لە خشتەکەدا روون کراوەتەوە(٣)

خشتەی (٣)

تاقیکردنەوەی تائی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە پلەی خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی جۆری (نێر، مێ)

| نمونە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانە | بەهای تائی | | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٦٨ | ١٣٧,٦١ | ٩,١١٣ | ژمێردراو | خشتەیی | |
| مێ | ٨٢ | ١٢٤,٢٣ | ١٣,٨١١ | ٣,٠٦٩١ | ١,٩٦ | داله |

٣- پێواەکردنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەلایەن خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی:

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە فۆرمی تاکەکان کە ژمارەیان(١٥٠) خوێندکاری کچ و کور داخل کرا بۆ جانتای ئاماری(الحقيبة الاحصائية) بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS). دوای شیکاری کردنی داتاکانی ئاماری دەرکەوت کە دەرەنجامی ناوەندی ژمێرەیی بۆ پلەی نمونەیی توێژینەوە(١٨٢,٤٤) پلەیەو بەلادانی پێوەری نزیکەی (٢٥,٠٢) پلەیە، لەکاتی بەراورد کردنی ناوەندی ژمێرەیی بە ناوەندی گریمانەیی بۆ پێوەری نزیکەی(١٦٢) پلە، وە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمونەیەك، دەرکەوت کە بەهای تائی ژمێردراو نزیکە(١٦,٢٢) پلە، ئەمەش گەورەترەلە بەهای تائی لەخشتەکە دەکاتە(١,٩٦) ئەمەش دەلالەتی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) و بە پلەی سەربەست(٢٩٩)، وەك روونکراوەتەوە لە خشتەی(٤).

خشتەی(٤)

تاقیکردنەوەی تائی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندی گرمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی بۆ پلەی خوێندکارانی زانکۆ لە پێوەری هاوسەنگی کۆمەڵایەتی

| ژمارە نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | ئاستی دەلالەت (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمێردراو | خشتەیی | |
| ١٥٠ | ١٨٢،٤٤ | ١٦٢ | ٢٥،٠٢ | ١٦،٢٢ | ١،٩٦ | داله |

٤- زانینی جیاوازی لەهاوسەنگی کۆمەڵایەتی لە لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی جۆری(نێر، مێ)

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە توێژەر هەستا بەبەدیهێنانیناوەندی ژمێرەیی بۆ پلەی نمونەیی نێر کە ژمارەیان(٦٨) خوێندکار لەسەر پێوەری ناوەندی ژمێرەیی(١٨٢،٤٤) پلەو لادانی پێوانەکە(٢٥،٠٢) پلەیە، کاتێك ناوەندی ژمێرەیی پلەی نمونەیی مێ کە ژمارەیان(٨٢) خوێندکارەلەسەر هەمانناوەندی ژمێرەیی(٢٠١،١٤) وە بەلادانی پێوانە(٢٢،٩٧) پلە. وەبەکارهێنانی هاوکێشەی تاقیکردنەوەی تائی بۆهەردوو نمونەی سەربەخۆ دەرکەوت کە بەهای تائی ژمێردراو دەگاتە(١،٧٥)پلەکە ئەمەش دەلالەتی ئامارییە لە ئاستی دەلالەت(٠،٠٥) و بە پلەی سەربەست(١٤٨) کە کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی کە دەگاتە(١،٩٦). ئەمەش ئاماژەیە بۆ نامۆبوون کە زیاترە لەلای خوێندکارانی نێر بە بەراورد لەلای خوێندکارانی مێ. وەك لە خشتەکەدا روون کراوەتەوە(٥).

خشتەی (٥)

تاپیکردنەوەی تائی بۆ دەلالەتی جیاوازی لەپلەی خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی جۆری(نێر، مێ)

| نمونە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانە | بەهای تائی | | ئاستی دەلالە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمێردراو | خشتەیی | |
| نێر | ٦٨ | ١٨٢،٤٤ | ٢٥،٠٢ | ٦،٧٥ | ١،٩٦ | داله لە بەرژەوەندی مێ |
| مێ | ٨٢ | ٢٠١،١٤ | ٢٢،٩٧ | | | |

دووەم: شیکردنەوەی دەرەنجام

١- لە نەخشەی(٢)دا بۆمان دەردەکەوێت بە گشتی کە هەستی نامۆبوون لای خوێندکارانی زانکۆ بەرزە. هۆکاری ئەو نامۆبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێکی جیاواز، وەك ئەو گۆڕانە خرایەی کە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا هاتووە،بەرەو پێشچونی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، بۆشایی نێوان دوو نەتەوەی کۆن و نوێ، پوکانەوەی بەهاو نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، نەبونی خاوەنداری و شوناسی نەتەوەیی، نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست. ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی(جلال احمد عبدالله)،(عادل عزالدین الاشول)ە.

٢- لە خشتەی(٣)دا بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان خوێندکارانی زانکۆدا لەرووی ڕەگەزەوە، هەستی نامۆبوون لای خوێندکارانی نێر زیاترە ئەویش بەهۆی کلتور باوك سالاری و دەسەڵاتخوازی، فشاری

دەروونی و کۆمەڵایەتی سەر گەنجان و شەرو شۆرو ئابڵۆقەی ئابووری، ناچاربوونی گەنجان کە کۆچ بکەن بۆ هەندەران، ئەم توێژینەوەیەش پێچەوانەی توێژینەوەی هەریەك لە(احمد الخيري حافظ)، (زينب النجار)ە.

٣- لە خشتەی(٤)دا بۆمان دەردەکەوێت کە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی هاوسەنگە لە نێوان خوێندکارانی نێرو مێدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارەکۆمەڵایەتی و دەروونییەی خوێندکاران لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و خێزانی لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا. هەروەها گەنجانی نێر لەم کۆمەڵگانەدا زیاتر بەرپرسیاریان دەکەوێتە سەر بە هەنیمەتی خەم خۆرییان بۆ خێزان و کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ. ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی هەریەك لە(عبداللطيف مدحت)،(محمد احمد مجدة)ە.

٤- لە خشتەی(٥)دا بۆمان دەردەکەوێت جیاوازی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی هەیە لە نێوان خوێندکارانی نێرو خوێندکارانی مێدا، هاوسەنگی کۆمەڵایەتی زیاترە لەلای خوێندکارانی مێ، دیارە هەرتاکێکی کۆمەڵگا کاتێ بەدەستیهێنا هاوسەنگییەك لە نێوان هەڵچونن و پاڵنەرو تێرکردنی پێویستییە ناوەکی و دەرەکییەکانی لەرووی خۆرسکی و دەروونی جەستەییەوە، ئەوا هەوسەگی کۆمەڵایەتی رەنگ دەداتەوە لە هەست و نەست و رەوشەکۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (ابراهيم فلاح جميعان)ە.

**راسپاردەکانی توێژینەوە**

دوای بەدەستهێنانی زانیاری و داتاکان لە دوو توێی پرسیارنامەو ڕێگەکانی بەدەستهێنانی زانیاری لەلایەن توێژەرەوە، گەیشتۆتە ئەم ئامانجانە.

١- گرنگیدان بە خوێندکارانی زانکۆ لە هەردوو رووی ماتریالی و واتاییەوە لەلایەنی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە چ فەرمی و چ نافەرمی.

٢- گرنگی کۆروسیمنار لەلایەن پسپۆرانی زانکۆ بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکانی خوێندکاران بە تایبەتی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان(نامۆبوون).

٣- دامەزراندنی دەستە یان ئەنجومەنێك لە خوێندکاران و مامۆستایانی هەرزانکۆیەك بۆ بەسەرکردنەوەو بەدواداچونی گیروگرفتەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

٤- فەراهەمکردنی دیموکراسی و خولقاندنی کەشوهەوایەکی سەربەستیانە بۆ خوێندکاران کە بتوانن گوزارشت بکەن لە خواست و ئاواتەکانیان.

٥- پەیرەوی و دروستکردنی کولتووری مرۆڤ دۆستی و بەکۆمەڵایەتیکردنی خوێندکارانی زانکۆو خێزانەکانیان، بە ئامانجی پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست دوور لە هەر پەرگیرییەك.

٦- بەشداریکردنی خوێندکاران لە ژیانی کردەیی و کۆمەڵایەتیدا بۆ هەڵنانیان لە داهێنان و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا و دوورکەوتنەوە لە بیروباوەڕی خیاڵی یوتوبیا.

٧- فەراهەمبوونی دادی کۆمەڵایەتی و نەمانی بۆشایی نێوان چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە، بەئامانجی دوورکەوتنەوە لە کردەوە ناپەسەندەکانی نێو خوێنکاران، وەك(فێل، دەست بڕین، درۆکردن، واستە، بەرتیلدان، فەرامۆشکردن).

**پێشنیارەکانی توێژینەوە:**

١- گرنگیدان بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر بۆ بەرچاوروونی گەنجان بەگشتی و خوێندکارانی زانکۆ لەمەڕ پرسی نامۆبوون، چونکە ئێستا قۆناغ و هەلومەرجەکە لەبارە بۆ بڵاوبوونەوەی نامۆبوون لە کۆمەڵگای کوردییدا.

٢- گرنگیدان بەبەستنی کۆنگرەی زانستی جۆراوجۆر لە هەموو کایە ماریفییەکاندا، کە کاریگەرە لەسەر داهاتووی خوێندکارەکان.

٣- کردنەوەی ناوەندێکی پراکتیکی ڕێنمایی کەلەخۆی گرتنبێت بەرنامەی تەندروستی دەروونی و بەدەنی بە ئامانجی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، وە کەمکردنەوەو نەمانی دیاردەی نامۆبوون.

**لیستی سەرچاوەکان**


١. د.احمد محمد موسي، الشباب بين التهميش و التشحيص،ط١،المطتبة العصرية، مصر ٢٠٠٩.

٢. د. احسان محمد الحسن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حسن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢

٣. احمد خيري حافظ ، سيكولوجية الاغتراب لدى طلاب الجامعة ، كلية الاداب ، جامعة عين شمس ، القاهرة.

٤. ئەريك فروم، کۆمەڵگای تەندروست، و:زاهیر محەمەد رەشید، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چ١، سلیمانی٢٠٠٨.

٥. ئەريك فروم، چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و:ئارام جەمال سابیر، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلیمانی ٢٠٠٨.

٦. ئەريك فروم، پەیامێك لە ئایندەوە، و:بەهزاد حەوێزی، چاپ،یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری،٢٠٠٩.

٧. ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، و: حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩.

٨. احمد  عزت راجح، اصول علم النفس ، ط٩، المكتب المصري الحديث للطباعة و النشر، القاهرة، ١٩٧٣

٩. د.احمد ابوزيد، مجلة العالم الفكر، المجلد العاشر، العدد الاول، الكويت١٩٧٩

١٠. ئەحمەد غولامی، ژان ژاك ڕۆسۆ و سیاسەتی مۆدێرن، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠.

١١. د.احسان محمد الحسن، علم الاجتماع، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٧٦.

١٢. د.تاهیر حەسۆ زێباری، د.محەمەد حوسین شوانی، دەروەزایەك بۆ کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم،چاپخانەی چاپی سەردەم، سلیمانی، ٢٠١٣.

١٣. جاکوب گراهام، و: ئاسۆ خالید، هایدیگەرو مارکس و چەمکی نامۆبوون، گۆڤاری هەنگاو سالی دووەم، ژمارە٦، ٢٠٠٣.

١٤. جۆیڵ شارۆن ، دەپرسیاری کۆمەڵناسی ، و: هێمن شەریف، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٠.

١٥. جلال احمد عباللە، ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی الاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٠.

١٦. د.حسن يوسف، الانسان ومشاكلاته المعاصرة، ط١، الاجيال الخدمات التسويق و النشر، القاهرة، ٢٠٠٨.

١٧. حسێن سۆران، کارل مارکس و ئەفلاتۆن لەتۆتا لیتاریزمی فیکرەوە بۆ تیرۆر کردنی بەهای ئازادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٨. خۆزە گالیندۆ. هێکتۆر زاگاڵ ، فەلسەفەی ئەخلاق ، و : سەعید کاکی، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری - هەولێر، ٢٠١٣.

١٩. ريتشارد شاخت، الاغتراب، ت:كامل يوسف حسين، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت،١٩٨٠.

٢٠. رمزي اسكندر نبيل، الاغتراب و ازمة الانسان المعاصر، دار المعرفة الجامعية، مصر، القاهرة، ١٩٨٨.

٢١. ريمۆن ئارۆن، قۆناغە بنەماييەكانى هزر لە كۆمەڵناسيدا، و: عبدوڵڵا ڕەسولى، چاپى يەكەم، چاپخانەى چوارچرا،٢٠١٣.

٢٢. زينب محمد النجار، الاغتراب في محيط الشباب الجامعي، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية الدراسات الانسانية، جامعة الازهر، القاهرة، ١٩٨٨.

٢٣. ژان پۆل سارتەر، ئەدەب چییە؟ و: مستەفا غەفور، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی- دهوك،٢٠٠٩.

٢٤. ژان ژاك ڕۆسۆ ، ئێمڵ ، و : ڕەسوڵ سوڵتانی ، چاپخانەی هیڤی ، هەولێر ،٢٠٠٨،

٢٥. سیمۆن دی بوفوار، الوجودية و حكومة الشعوب، ت: جورج ترابيشي، دار الاداب، بيروت،١٩٦٢.

٢٦. صبور حەمە شریف هەورامی، چەردەیەك مێژوی فەلسەفە لە ئەوروپا، چاپخانەی کوردۆنیا، ٢٠١٠.

٢٧. عبدالمنعم الحفني، موسوعة علم النفس والتحليل النفسى، ط ١، مكتبة مدبولى، القاهرة، ١٩٨٧.

٢٨. فيصل عباس، الشخصية في ضؤ التحليل النفسي، ط، دار المسيرة، بيروت،١٩٨٢.

٢٩. فهمي مصطفى، التكيف النفسي، مكتبة مصر، الفجالة، قاهرة،١٩٧٨.

٣٠. عادل الاشوال، واخرون، التغير الاجتماعي و اغتراب شباب الجامعة، شعبة اكادمية البحث العلمي، شعبة دراسات والبحوث، القاهرة،١٩٨٥.

٣١. كارل ماركس، ت:الياس مرقص، مخطوطات١٨٤٤، الاقتصاد السياسي والفلسفة، منشورات وزارة الثقافة دمشق،١٩٧٠.

٣٢. د. كەريم شەريف قەرەچەتانی، سايكۆلۆژياى گەشە(مندال و هەرزەكار)، چاپى يەكەم، چاپخانەى پەيوەند- سليمانى،٢٠٠٩.

٣٣. کامەران خالید، مرۆڤی تاك ڕەهەند لای مارکوزە، گۆڤاری کۆنسێپت، چاپخانەی ڕەنج، ژمارە ٤، ٢٠١١.

٣٤. لۆسيان گۆڵدمان، فەلسەفەى ڕۆشنگەرى بورژوازى مەسيحى و ڕۆشنگەرى، و: عومەر سەرگەتى، چاپى يەكەم، وەزارەتى ڕۆشنبيرى،٢٠٠٦.

٣٥. د. معنى خليل العمر، معجم علم الاجتماع، ط ١، دار الشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠.

٣٦. ) محمد عاطف رشاد زعتر، بعض سمات الشخصية وعلاقتها بالاغتراب النفسي لدي الشباب الجامعي، رسالة دكتورا، كلية الاداب جامعة الزقازيق، ١٩٨٩.

٣٧. محمود سامي الزيادي، علم النفس الاكلينيكي-التشخيص، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، .١٩٦٩

٣٨. محمود ابو النيل و مجدة احمد محمود، الصحة النفسية- الامراض والمشكلات النفسية و الاجتماعية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٥.

٣٩. د. محەمەد کەمال، نیتشە و پاش تازەگەری، چاپ و دەزگای حەمدی، سلیمانی،٢٠٠٦.

٤٠. محمد ذنون زينو الصائخ، الحصار الاقتصادي والاغتراب الاجتماعي واثرها في سلوك الطلبة، رسالة ماجستير اداب في علم الاجتماع، جامعة الموصل،١٩٩٨.

٤١. د. محمد کەمال، فەلسەفەی هیگل، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٩.

٤٢. د.محمد کەمال، بون و داهێنان، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٤.

٤٣. مۆریس کرانستۆن، جان پۆل سارتەر، و: فواد عبدولرەحمان ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٣.

٤٤. د.محەمەد کەمال، نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانە چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٤٥. محمد ابراهيم الفيومى، ابن باجه و فلسفة الأغتراب ،ط ١، بيروت ، مطبعة دار الجيل / ١٩٨٨.

٤٦. نەوزاد جمال ، بابەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی سەرەتایەك ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی یاد ، ٢٠١٢

٤٧. George,A.Miller-professionals in bureaucracy Alienation among Industrial Scientists and Engineers-American Sociological Review-vol.32-No.5-1967

## پاشکۆی(١)

زانکۆی سلێمانی

فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەت

سکوڵی پەروەردەی بنەرتی

{**نامۆبون و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی سکولی پەروەردەی بنەرەتی، بۆساڵی(٢٠١١-٢٠١٢)**}

خوێندکاری ئازیز.. سڵاوی زانست...

ئەم راپرسییەی لەبەردەستایە تەنها بۆ کاری لێکۆڵینەوەی زانستییە، بە مەبەستی دیاریکردنی (نامۆبوونی خوێندکاران) لە سکولی پەروەردەی بنەرەتی.

تۆش سەربەستی لە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی هەر بڕگەیەك کە لەم راپرسییەدا هاتووە، تکایە بەوپەری بەرپرسیاریەتیەوە برگەکان دیاری بکە.

تێبینی/

ناوی خۆت مەنوسە.

نیشانەی( ) لەبەرامبەر هەر بڕگەیەك کە بەگونجاوی دەزانیت.

زانیاری گشتی:

ڕەگەز: نێر( ) مێ( )

تەمەن: ساڵی( )

باری خێزانی: سەڵت( ) خێزاندار( ) جیابوەوە( )

بەش( ) قۆناغ ( )

**توێژەر:**

**م.بەختیار ئیبراهیم فەتاح**

| ژ | بڕگەکان | بەتەواوەتی جێبەجێ دەبێت | زۆرجار جێبەجێ دەبێت | هەندێك جار جێبەجێ دەبێت | کەم جار جێبەجێ دەبێت | هەرگیز جێبەجێ نابێت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | زەحمەتە بڕوا بە هەموو کەسێك بکەم | | | | | |
| ٢. | بە لامەوە ئاستەمە گوزارشت لە بیروبۆچونەکانم بکەم، کە جیاواز بم لەگەڵ بەرامبەرەکەم. | | | | | |
| ٣. | کاتێك کە خەڵکی قسەم بۆدەکەن بێ ئاگام لێیان | | | | | |
| ٤. | هەست دەکەم ژیان ئەوەناهێنێت لەپێناویدا بژی. | | | | | |
| ٥. | هەندێك جار بیرۆکەی خۆکوشتنم لەلا دروست دەبێت. | | | | | |
| ٦. | بێزار دەبم لەو خەڵکانەی کە تەنها خۆیان بەراست | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەزانن. | | | | | |
| ٧. | بەدەستهێنانی بڕوانامە نابێتە هۆکاری ڕێزگرتنی زیاتر. | | | | | |
| ٨. | وەرزش کردن بە تەنهایی باشترین شێوەی وەرزشە. | | | | | |
| ٩. | ئەوکاتانەی بەتەنهام سەربەستانە تر هەڵسووکەوت دەکەم. | | | | | |
| ١٠. | لە توانامدا نییە هیچ بڕیارێکی چارەنووس ساز بدەم. | | | | | |
| ١١. | ژیان ئەوەندە ئاڵۆزە هیچی لێ تێناگەم. | | | | | |
| ١٢. | هەوڵ و کۆشش بەلای منەوە، هیچ ناگەیەنێت. | | | | | |
| ١٣. | دەستەواژەی(نەخێر) لە ژیانی مندا بوونی نییە. | | | | | |
| ١٤. | زۆربەی جار دژە باوم. | | | | | |
| ١٥. | ئەوکارانەی جێبەجێی دەکەم بە دڵی خۆم نین. | | | | | |
| ١٦. | ئەستەمە بەلامەوە کارەکانم بە دەستبهێنم. | | | | | |
| ١٧. | هەست دەکەم ویست و ئیرادەم لێ زەوت کراوە. | | | | | |
| ١٨. | ئەگەر مردن چارەنووسم بێت بۆ خۆم ماندوو بکەم. | | | | | |
| ١٩. | ژیان ئەوەندە ناهێنێت، سوکایەتی بۆ قبوڵ بکەیت. | | | | | |
| ٢٠. | شتێك نییە ناوی خۆشەویستی مرۆڤایەتی بێت. | | | | | |
| ٢١. | ئازاد نیم لە هەڵبژاردنی کارەکانم. | | | | | |
| ٢٢. | زۆرن ئەوانەی پلان بۆ داهاتووی من دادەڕێژن. | | | | | |
| ٢٣. | نازانم بۆچی هاتوومەتە دنیاوە ! بۆچیش دەمرم. | | | | | |
| ٢٤. | زۆربەی کات لە زیندە خەودام. | | | | | |
| ٢٥. | بەلامەوە گرنگ نییە، دنیا کاول بێت. | | | | | |
| ٢٦. | رقم لە نوکتەو پێکەنین دەبێتەوە. | | | | | |
| ٢٧. | هیچ وابەستە بوونێکم نییە بە کۆمەڵگاوە. | | | | | |
| ٢٨. | هەست بە تەنهایی دەکەم، کاتێك کە خەڵکیش لە دەوروبەرمە. | | | | | |
| ٢٩. | زۆربەی کات پێم خۆشە بە تەنها بم. | | | | | |
| ٣٠. | زۆربەی خەڵك لە یەك کاتدا خاوەنی چەند کەسایەتییەکن. | | | | | |
| ٣١. | ژیان تەنها بۆ بەهێزەکانە. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢. | هیچ شتێك لای من پیرۆز نییە. | | | | | |
| ٣٣. | هونەرو میوزیك هیچ بەهایەكییان نییە. | | | | | |
| ٣٤. | پەیوەندی من و خودا شێواوە. | | | | | |
| ٣٥. | توندوتیژی یەكێكە لە دیاردەكانی سەردەم. | | | | | |
| ٣٦. | هزری ئێمە ئامێرێكە كۆمەڵگا دەیجولێنێت. | | | | | |
| ٣٧. | ژیان گەمەیەكی گەورەیە. | | | | | |
| ٣٨. | بەداخەوە بە هەموو كەسێك بوترێت مرۆڤ. | | | | | |
| ٣٩. | ژیان پرسیارە نەك وەڵام. | | | | | |
| ٤٠. | هەست دەكەم لە پەراوێزدا دەژیم. | | | | | |

**پاشكۆی(٢)**

**سڵاو ڕێز...**

ئەم برگانە لەبەردەم بەرێزتانە، تەنها بە ئامانجی بەدەستهێنانی لایەنی زانستییە، بەهیوای زانینی ناوەرۆكی بیروبۆچونەكانت بەرامبەر هەر بڕگەیەك، كە لەم فۆرمەدا هاتووە كە توێژینەوەیەكی مەیدانییە بە ناونیشانی (نامۆبوون و هاوسەنگی كۆمەڵایەتی لەلای خوێندكارانی سكولی پەروەردەی بنەرەتی لە زانكۆی/سلێمانی).

تۆی بەرێزیش وەك یەكێك لە خوێندكارانی زانكۆ كە چینێكی هەستیارو هۆشمەند لە كایە ماریفییەكاندا بە ڕاستگۆیی بەشداری بوونت توێژینەوەكە دەوڵەمەند دەبێت. دواى خوێندنەوەی هەر برگەیەك نیشانەی( ) ڕاست دابنێ بەرامبەر هەروەڵامێكی گونجاو كە بلوێت بۆت.

| ژمارە | برگەكان | جێبەجێ هەموو كاتێك | جێبەجێ زۆر جار | جێبەجێ هەندێ جار | جێبەجێ دەگمەن | جێبەجێ هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | كەسێتی منت قبوڵە وەك ئەوەی كە هەم. | | | | | |
| ٢. | هەست بە ئارامی و هێمنی دەكەم. | | | | | |
| ٣. | ڕازیم بە هەڵكەوتنی لەشوولارم وەك ئەوەی كە هەم | | | | | |
| ٤. | هەست بە ئارامی و ئاسایش دەكەم لە نێوان ئەندامانی خێزانەكەم. | | | | | |
| ٥. | هەستی هەواداریم هەیە بۆ كۆمەڵگەكەم. | | | | | |
| ٦. | وا هەست دەكەم كە سەركەوتووم لە ئیشەكەمدا. | | | | | |
| ٧. | ئەوەی كە ڕوویدا لێم، وای لێكردم ڕقم لە خۆم ببێتەوە. | | | | | |
| ٨. | هەندێ جار توشی دێوەزمە دەبم لە خەومدا. | | | | | |
| ٩. | هەست دەكەم شێوەم جێگەی ڕەزامەندی خەڵكی نییە. | | | | | |
| ١٠. | مانەوەم لەماڵەوە بێزارم دەكات. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .١١ | هەست بە نامۆیی دەکەم لە کۆمەڵگاکەمدا. | | | | | |
| .١٢ | سەرۆکی کارەکەم ڕەخنەی زۆرم لێدەگرێت. | | | | | |
| .١٣ | خوو کردارم بە خێرایی دەگۆڕێت لە نێوان دڵخۆشی و پەژارەدا. | | | | | |
| .١٤ | هەست بە تەنگەنەفەسی دەکەم. | | | | | |
| .١٥ | هەست دەکەم کەم هەواداری خێزانەکەمم. | | | | | |
| .١٦ | شانازی بە چەند هاوڕێیەتییەك دەکەم. | | | | | |
| .١٧ | قورسە لەلام ئیشێکی جێگیر. | | | | | |
| .١٨ | بە ئاسانی بڕوام بە خۆم نامێنێت. | | | | | |
| .١٩ | ئایا کۆنترۆڵی خۆت دەکەیت لە ڕوبەڕووبونەوەی مەترسیدا. | | | | | |
| .٢٠ | ئارەزووم بۆ خواردن زۆرە. | | | | | |
| .٢١ | شانازی هەوادارییم هەیە بۆ خێزانەمەم. | | | | | |
| .٢٢ | خەڵکی بە کەسێکی لەخۆبایم دەزانن. | | | | | |
| .٢٣ | هەست بە خۆشی دەکەم لە کارەکەمدا. | | | | | |
| .٢٤ | لەتوانامدا هەیە هەموو پێویستییەکانم تێر بکەم. | | | | | |
| .٢٥ | خێزانەکەم هەست بە بەهای ڕاستیم دەکەن. | | | | | |
| .٢٦ | هەست بە دڵەڕاوکی دەکەم لە کاتی بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا. | | | | | |
| .٢٧ | توانای سازاندنی کارەکەم هەیە. | | | | | |
| .٢٨ | زۆر جار توشی زیندە خەو دەبم. | | | | | |
| .٢٩ | ئەرکو قورسایی دەبینم لە ململانێکانی کە پێیدا تێدەپەرم. | | | | | |
| .٣٠ | هەست دەکەم درێژی باڵاو کێشم هاوسەنگ نییە. | | | | | |
| .٣١ | کاتێك وتوێژ لەگەڵ خەڵکی دەکەم هەست بە چێژوو خۆشی دەکەم. | | | | | |
| .٣٢ | کار دەکەم تەنها لە پێناوی بەدەستهێنانی پارەدا. | | | | | |
| .٣٣ | هەڵدەچم کاتێك توشی ڕەخنەی ئەوانی تر دەبم. | | | | | |
| .٣٤ | هەست دەکەم کەسێکی چالاکم. | | | | | |
| .٣٥ | پێخۆشحاڵم بە خۆبەخت کردن لە پێناوی خێزانەکەم. | | | | | |
| .٣٦ | توانای هەڵگرتنی تەوژمی کۆمەڵگام هەیە. | | | | | |
| .٣٧ | هاورێیەتیم باشە لەگەڵ هاوپیشەکانم. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٨. | فەرامۆشی نشینگەی هێز دەکەم لە کەسایەتیمدا. | | | | | |
| ٣٩. | زۆر زوو شەکەت دەبم. | | | | | |
| ٤٠. | بەرپرسیارێتی خێزانم لەلا ئەرکە. | | | | | |
| ٤١. | لەکاتی ڕودانی تەنگانەدا هیچم پێناکرێت. | | | | | |
| ٤٢. | دووردەکەومەوە لە یارمەتی هاورێکانم هەتا پێم بکرێت. | | | | | |
| ٤٣. | هەوڵدەدەم بۆ گەیشتن بە ئەزموونی تازە. | | | | | |
| ٤٤. | دەتوانم گوزارشت لە هەستەکانم بکەم لەبەرامبەر ئەوانی تردا. | | | | | |
| ٤٥. | تەندروستیم دەپارێزم لە خۆراکدا. | | | | | |
| ٤٦. | پێم باشە وتوێژ لەگەڵ خێزانەکەم بکەم لە کاتی توشبونی نەهامەتیدا. | | | | | |
| ٤٧. | چاولێکەری لە کۆمەڵگادا دەستەوەستاوم دەکات. | | | | | |
| ٤٨. | ئارەزوو دەکەم هێزوو توانام پەرە پێبدەم لە کارەکانمدا. | | | | | |
| ٤٩. | ترسم هەیە لە هەموو گۆڕانێك لە ژیانمدا. | | | | | |
| ٥٠. | جێگیری سۆزداریم ونکردووە لە ژیانمدا. | | | | | |
| ٥١. | تەنگەتاو دەبم لە بەجێگەیاندنی وەرزشدا. | | | | | |
| ٥٢. | وەڕس دەبم لە بەشداری کردنی چارەسەر بۆ کێشەی خێزانەکەم. | | | | | |

**ملخص البحث**

**الاغتراب والتوازن الاجتماعي لدى طلبة كلية التربية الاساسية في جامعة السليمانية للعام الدراسي ٢٠١٢-٢٠١٤.**

**الأغتراب ظاهرة لها جذور عميقة تاريخية و تنعكس في السياقات الاسطورية و الخرافية والدينية ايضا و هي مادة تشترك فيها تقريبا كل العلوم الانسانية خصوصا علم الاجتماع الفلسفة و علم النفس.**

**في عصرنا هذا، تنتشر ظاهرة الاغتراب الى كل الطبقات الاجتماعية على حد سواء ولكن السؤال يكمن هنا: هل الاغتراب مشكلة اجتماعية او حالة ذهنية أم انها موقف وجودي تجاه الحياة؟ يبدو ان هناك اتفاقا حول ظاهرة الاغتراف مفادها انها حالة اجتماعية تاريخية عريقة وجزء لايتجزأ من صراع الانسان في البقاء على الحياة.**

**وهنا تتخذ الاغتراب ابعادا عديدة منها البعد الحسي والبعد المعياري و البعد الميتافيزيقي.**

**منذ بداية القرن العشرين بدأت وثيرة التغيرات تتصاعد بسعة فائقة في العالم و في كل ميادين الحياة الاجتماعية وهذا بمد ذاتة يؤدي الى احداث تغيرات سريعة في النواحي المادية و المعنوية و التي خلقت مشاكل اجتماعية عديدة.**

**من الواضع ان الشباب بشكل عام و طلبة الجامعات بشكل خاص يؤدون دورا فاعلا مؤثرا في التغيرات الاجتماعية لهذا يعانون من ظاهرة الاغتراب كثيرا.**

## ABSTRACT

Alienation and social Equilibrium amony students of the school of basic Education in Sulaimani University 2014-2015.

Alination has deep historical roots in mythical superstitions and religions contexts. It is an area shared by all human sciencies particularly sociology philosophy, psychology and.

This phenomenon of alienation has now spread widely into all social classes. The question here is whether it is a social problem or an intelleetual state or an existential attitude? However, there seems to be an agreement that alienation is an ancient and historical state that is integral to human survival.

Here, alienation takes on some dimensions which are: the sensory, the evaluative and the metaphysical.

It is noted that from the 20$^{th}$ century onward, big and dramatic changes have taken place in the world which have led to rapid moral and materialistic changes conducive to creating problems.

Obviously, the youth in general and university student in particular play a significant role in the social changes, hence they suffer from alienation.